# ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکان

## لە هۆنراوەی منداڵاندا

نووسینی

د.ناز احمد سعید

صدیق اورحمان علی



چاپی یەکەم

٢٠٢١

ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکان

نووسینی: د.ناز احمد سعید - صدیق اورحمان علی

# ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکان

# لە هۆنراوەی منداڵاندا

نووسینی

**د.ناز احمد سعید** **صدیق اورحمان علی**

چاپی یەکەم

٢٠٢١

❖ ڕەنگدانەوەی بەها پەروەردەییەکان لە هۆنراوەی منداڵاندا
❖ نووسینی: د. ناز احمد سعید و صدیق اورحمان علی
❖ بابەت: پەروەردەیی
❖ نەخشەسازی: ئارام عوسمان
❖ قەبارەی کتێب: ١٤*٢١سم
❖ تیراژ: ٥٠٠دانە
❖ ژمارەی چاپ: چاپی یەکەم
❖ ساڵی چاپ: ٢٠٢١
❖ شوێنی چاپ: ناوەندی سارا - سلێمانی
❖ نرخ: (٤) هەزار دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٧١٤)ی ساڵی (٢٠٢١) ی پێدراوە

## ناوەرۆک:


- لە بری پێشەکی: ........................................................ ٥
- بـــایەخی بەهـــا پەروردەییەکـــان لە هـــۆنراوەی منداڵانـــدا، هۆنراوەکانی (علی حمەرشید بەرزنجی) وەک نموونە ........... ٦
- چەسپاندنی بەهاکان لای منداڵان لەهۆنراوەی کوردی و فارسیدا ........................................................................... ٤٨
- کتێبی بازنەی یەکەمی خوێندن وەک نموونە ...................... ٤٨
- ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەپرۆسەی فێربووندا ............................. ٨٨
- پاشکۆی تایبەت بە توێژینەوەی ( ڕۆڵی تەکنە لۆژیا لە پرۆسـەی فێربووندا......................................................... ١٣٩

**پێشکەشە:**

**بەو مرۆڤەی لە پێناو ئێمەدا هەستی بە ماندووبوون نەکرد تا وەک یەکەم مامۆستای ژیان بەها باڵاکانمان فێربکات و پەروەردەمان کات (دایک).**

**<u>لە بری پێشەکی:</u>**

ئەدەبی منداڵان وەک لقێکی گرنگ و تایبەت لە ئەدەب مایەی بایەخ پێدانە و دەبێت لە زۆر ڕووە وە ڕەچاوی تایبەتمەندی ئەم جۆرە ئەدەبە بکرێت، چ لە ڕووی ڕەچاوکردنی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ و چ لە ڕووی جۆری خواست و تایبەتمەندی و خەون و خولیاکانی و جۆری تێگەیشتن و کاردانەوەی بۆ هەریەک لە بابەتە ئەدەبییانەی کە دەخرێتە بەردەمی.

ئەوەی لەم کتێبەدا دەخرێتە بەردەست سێ توێژینەوەی پەروەردەییە، کە دوو توێژینەوەیان لە سنوری ئەدەبی منداڵان و نزیکن لە ناونیشانی کتێبەکەوە و لە کۆنفرانسە زانستی و پەروەردەییەکان پێشکەش کراون و توێژینەوەی سێیەمیش هەر پەیوەستە بە بواری پەروەردە و ڕۆڵی تەکنەلۆژیا، بۆیە بە پێویستمان زانی لەبەر پەیوەندییان بەیەکتر و کەوتنە بەردەستی خوێنەرانی بواری پەروەردە، کە کەمتر دەستیان بە گۆڤارە ئەکادیمییەکان دەگات لە دوو توێی کتێبێکدا بیخەینە بەردەست.

# توێژنەوەی یەکەم

## بـایەخی بەهـا پەروردەییەکـان لە هـۆنراوەی منداڵانـدا، هۆنراوەکانی (علی حمەرشید بەرزنجی) وەک نموونە

## پوختەی بابەتەکە

## بـایەخی بەهـا پەروردەییەکـان لە هـۆنراوەی منداڵانـدا، هۆنراوەکانی (علی حمەرشید بەرزنجی) وەک نموونە

ئەدەبی منداڵان یەکێکە لەو ڕێگایانەی پشتی پێدەبەستریێت بـۆ فێربـوونی منـداڵ، لەهەرکـوێ منـداڵ ئامـادەبووبێ ئەدەبـی منــداڵانیش بــوونی هەبــووە، ڕەنــگە لە چیرۆکەکــانی گــوێ ئـاگردانەوە قۆنـاغی ئەدەبـی منـاڵان دەسـتپێبکات تـا دەگـاتە ژانرەکـانی تـری ئەدەب، کـاراکردنی بەهـا پەروەردەییەکـان لای منداڵان قوناغێکی گرنگی پەروەردەکردنی منداڵانە، کە مەبەست لێـی بنیادنـانی کەسـایەتییەکی تەندروسـتە بـۆ نـاو کـۆمەڵ وە دەکـرێ هـۆنراوەی منـداڵان یەکێـک بێـت لەو ڕێگـا گرنـگ و ســـەرنج ڕاکێشـــانەی، کە دەکرێـــت لە ڕێـــیەوە بەهـــا پەروەردەییەکانی پێ کارابکرێ بۆیە ئێمە لەم باسەدا جەخت لە بایەخی هۆنراوەی منداڵان دەکەینەوە لەم ڕووەوە، وەڵامـی ئەو پرسـیارە بـدەینەوە ئایـا دەکرێـت هـۆنراوە یەکێـک بێـت لە ڕێگاکـانی کـاراکردنی بەهـا پەروەردەییەکـان، بـۆیە لێـرەدا باســەکەمان کــردووە بەدوو بەشــەوە بەشــی یەکەم لەچەنـد

تەوەرێکـدا باسـی بەهاکـان، هـۆنراوە و بـاخچەی منـداڵان، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدیدا دەکەین و لەبەشـی دووەمـدا باسـی هۆنراوەکانی عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی ڕۆڵیان لەکاراکردنی بەهاکـــان لە بـــاخچەدا دەکەیـــن لە کۆتاییـــدا ئەنجـــام و سەرچاوەکانم داناوە.

## پێشەکی

ئەوەی لەم باسەدا دەخرێتە بەردەست خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکە بۆ کتێبی (ئاوازی شادی) ئۆپەرێت و هۆنراوە، بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان نووسراوە لەلایەن شاعیر و پەروەردەکار عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، لەم هەلسەنگاندنەمان پشتمان بەستانداردەکانی هەریەک لە وڵاتانی کوەیت و ئیمارات و نووسەرانی خۆماڵی هەرێمی کوردستان بەستووە و لەو ڕووە وە سەرنجەکانی خۆمان خستۆتە ڕوو.

**کێشەی لێکۆڵینەوەکە:** لەم باسەدا دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، ئایا تا چەندێک شاعیرانی ئێمە لە ژێر سایەی کۆمەڵێک پێوەری جیهانی و ناوخۆیی هۆنراوەکانیان بۆ منداڵان دەنووسن و پەروەردەکاران وەک پڕۆگرامێکی خوێندن لە باخچەدا بەکاری دەهێنن.

**بایەخی لێکۆڵینەوەکە:** بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە لەڕێگەیەوە گرنگی هۆنراوە و ڕۆڵی لە خستنە ڕووی بەها پەروەردەییەکان لەناوەندی باخچەکاندا دەخەینە ڕوو.

**پەیکەری لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوەکە پێک هاتووە لە دوو بەش: بەشـــی یەکەم باســـێکی لەســـەر هـــۆنراوەی منـــداڵان، بەهـــا پەروەردەییەکان و گرنگی و بایەخی شیعری منداڵان.

لەبەشی دووەمدا هۆنراوەکانی ناو دیوانی (ئاوازی شـادی) مـان شیکردۆتەوە سەرجەم ئەو بەهایانەمان دەست نیشـان کردووە کە لەگەڵ پێورەکـــان گونجـــاون یـــان پـــێچەوانەن و لەم ڕووە شیمان کردوونەوە.

## بەشی یەکەم

## بەهاکان، هۆنراوە  و باخچەی منداڵان، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدیدا:

ئەدەبی منداڵان یەکێکە لەو ڕێگایانەی پشتی پێدەبەسترێت بۆ فێربوونی منداڵ، لەهەرکوێ منداڵ ئامادەبووبێ ئەدەبی منداڵانیش بوونی هەبووە، ڕەنگە لە لای لایەی دایک بۆ کۆرپەکەی و چیرۆکەکانی گوێ ئاگردانەوە قۆناغی ئەدەبی مناڵان دەستپێبکات تا دەگاتە ژانرەکانی تری ئەدەب، کاراکردنی بەها پەروەردەییەکان لای منداڵان قوناغێکی گرنگی پەروەردەکردنی منداڵانە.

یەکێک لەئەرکە سەرەکیەکانی پەروەردەکاران چەسپاندنی بەهاکانە لای منداڵ، کە ئێمە بەدیارکراوی مەبەستمان قۆناغی پێش چوونە قوتابخانەیە، کە هەریەک لە خێزان و باخچەی منداڵان و دەزگاکانی تری هاوشێوەیان ڕۆڵیان هەیە لەکاراکردنی ئەم بەهایانەدا، ئەم دەستپێکی پەروەردەکردنە لە

ژینگە و وڵاتی ئێمەدا بەشێوەیەکی فەرمی لە قۆناغی باخچەی منداڵانەوە دەستپێدەکات بۆیە باسەکەمان تەرخانکردووە بۆ ڕۆڵی هۆنراوە لەکاراکردنی بەهاکان لە باخچەی منداڵاندا، کە زۆر جار وەک پرۆگرامێکی خوێندن لەو قۆناغەدا پشتی پێدەبەسترێت، ئەم بەشەمان کردووە بەچەند تەوەرێکەوە.

**تەوەری یەکەم: منداڵ و کەسێتی منداڵ:**

پێنج ساڵی تەمەنی مرۆڤ کە پێی دەوترێت منداڵی بە بەردی بناغەی تەمەنی مرۆڤ دادەنرێت، دنیادیدە و پێشینانی کوردیش جەختیان لەسەر گرنگی ئەم دەستپێکی تەمەنە کردۆتەوە وەک لە پەندی پیشینانی کوردیدا هاتووە "خوی شیری تاپیری" یان "خوییەک گرتت بەشیری تەرکی ناکەی بەپیری" منداڵ وەک تاکێک لە دایک دەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە کەسێتییەک پێویستە زمان و ئاکار و بەهاکان لەژینگە و دەوروبەرەوە وەرگرێت. کەوابوو منداڵ (ئەو کەسەیە کەلەچەند پەسن"خاسیەت"ێکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری خەڵکانی دیکە بکات، بێجگە لەو پەسنانەی کە تەنیا تایبەتن بەخۆیەوە و لەخەڵکانی دیکەی جیادەکاتەوە) (نصرالدين، ٢٠١٥:ل١٤) کەسێتی منداڵ لەگەڵ لەدایکبوونییەوە ڕاستەوخۆ دروستنابێت بەڵکو دوای تێکەڵ بوونی بە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی و

دەوروبەرییەوە دەستپێدەکات و بەپێی ئەو ژینگەی کە تیایدا پەروەردە دەبێت کەسێتییەکەی دەگۆڕێت.

لەبەر ئەوە لە پێناسەی کەسێتی منداڵ دەوترێت: (بریتییە لە شێوازێکی گشتی و ڕێکوپێکی چەند ڕەفتار و بۆچوون و بیروباوەڕ و بەها و داب و نەریتێک کە گوزارشت لەلایەن کەسێکی دیاری کراوەوە دەکات) (نصرالدين، ٢٠١٥:ل١٤) بەپێی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان هەرکەسێک تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵەوەبێت بەمنداڵ دادەنرێت، هەڵبەت ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قۆناغی منداڵی زوو"پێشوەخت"ە کەتەمەنی (٣-٦) ساڵییە و بەدیاریکراویش قۆناغی پیش چوونە قوتابخانەیە لە باخچەی منداڵان.

منداڵ لەم قۆناغەدا (فێردەبێت چۆن بژی لەگەڵ خودی خۆی و دەور و بەرەکەی و دەگونجێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە و هەست بەدڵنیایی و دەست پێشخەری دەکات، ئەگایی منداڵ زیاد دەکات بۆ ژینگەکەی و زیاتر کارلێک دەکات و تۆڕی پەیوەندی کردنی فراوان دەبێت و ئەو بەها کۆمەڵایەتییانە فێردەبێت کە ڕەفتاری کۆنترۆڵ دەکەن) (بابان، عوسمان و ئومێد، ٢٠١٧: ل ٤٨)

## تەوەری دووەم

### باخچەی منداڵان، بایەخ و مێژووی سەرهەڵدانی:

باخچەی منداڵان پێناسەکراوە بەوەی کە (دەزگایەکی پەروەردەیی تایبەتە بە منداڵانی قۆناغی تەمەنی پاش دایەنگە و پێش چوونە قوتابخانەی سەرەتایی، ئەم دەزگایە ملکەچە بۆ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و هونەری لەدەسەڵاتی پەروەردەی فەرمیدایە، لەم شوێنەدا منداڵ ڕادەهێنرێت بۆ چوونە دەرەوە لە سنوری خێزان بۆ کۆمەڵگەی قوتابخانە و هاوپۆل و هاوڕێ، هەروەها لێرەدا منداڵ فێری بنەماکانی خوێندنەوە و نووسین دەکرێن، لە چوارچێوی ئەو ماوەیەدا پەرتوکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بەوە جیادەکرێتەوە وێنەی گەورە و مانادار و وشەی کەم و ئاڕاستەکراو بۆ لای مامۆستایان و دایک و باوکان لە خۆدەگرێت) (بابان، محمد و محمد، ٢٠١٦: ل ٩) لەڕوانگەی گرنگی دان بەم قۆناغەی منداڵی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بیریان لە دروستکردنی ئەم دامەزراوەیە کردەوە ( بۆ ئەوەی هاوکاری خێزان بکات لەپەروەردەکردنی منداڵدا لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بتوانێت قەرەبووی ئەو کەم و کورتی و کێشانە بداتەوە کە هەندێک لە

خێزانەکان لەئەنجامی هەژاری یان نەزانی یان کارکردنی دایک یــان قەرەبــاڵغی ئەنــدامانی، تووشــی بــوون و بەدەســتییەوە دەنــاڵێنن) (قەرەچەتــانی، ٢٠١٦:ل ٢١٠) گرنگــی ئەم قۆنــاغەی تەمەنی منداڵی لەوەدایە (منداڵ پرسیار بەدواداچوون دەکات بۆ شـتەکانی چـواردەوری لەڕێـی کەسـانی دەوروبەری بـۆ زیـاتر شــارەزابوون، لە جیهــانی دەرەکــی، مێشــکی لەوکــاتەدا زۆر بەهێزتـــر کاردەکــات بە بەراورد بە قۆناغەکـــانی دوای ئەوە، لەوکاتەدا زۆر خێرا فێردەبێت و ئارەزوویەکی زۆری هەیە بۆ شــت فێربــوون و دۆزیــنەوە و ئــارەزووی زانینــی شــتەکان، تەنــــانەت وەڵامــــدانەوەی بـــۆ وروژانـــدنەکانی دەوروبەری بەهێزدەبێــت) (بابــان، محمــد و محمــد، ٢٠١٦: ل ١٤) هەر لە قۆناغی باخچەدا منداڵ ئامادەگییەکی باشی تێدایە بۆ فێربوون گەشــەکردنی لایەنــی کــۆمەڵایەتی و بــۆیە پێویســتە (فێــری کارلێکردنی کۆمەڵایەتی بکرێت لەگەڵ هاوڕێیان و ...چۆنیەتی پەیوەنـدیکردن بەکەسـانی تـرەوە، هەورەهـا فێربـوونی پێـوانە ڕەوشـــــتییەکان و بەهـــــاو داب و نەریتـــــی کـــــۆمەڵایەتی و درووســتبوونی ئاڕاســتەی درووســت دەربــارەی کــۆمەڵگە و دەزگـا کۆمەڵایەتییەکـان) (بابـان، محمـد و محمد، ٢٠١٦: ل ١٥) بێگومـان ئەمە لەرێـگەی خێـزان و بـاخچەی منـداڵانەوە دەبێت.

سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی دامەزراندنی باخچەی منداڵان دەگەڕێتەوە بۆ (ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، کە یەکەم باخچە لەلایەن جۆن فریدریک ئۆبرلین ( Jon-Fredric Oberlin) ١٧٩٦ دامەزرا لە ناوچەی ئەلیزاس لۆرین لەباکوری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا، کە ئامانجی ئۆبرلین بریتی بوو لە یارمەتیدانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کە دەیانناڵاند بەدەست هەژاری و خراپی باری گوزارانی ئابوری و تەندروستییەوە) هەرچی پەیوەستە بە بەکارهێنانی زاراوەی باخچەی منداڵانەوە (فردرک فرۆبڵ Friedrich Froebl بەیەکەم کەس دادەنرێت لەسەدەی نۆزدەیەمدا کە ناوی باخچەی منداڵانی Kinder gartenبەکارهێنا بۆ ئەم جۆرە دەزگا پەروەردەییانە، ئەم زاراوەیەشی لەبەر ئەوە هەڵبژاردووە بە بۆچوونی ئەو منداڵەکان هاوشێوەی ڕووکە بچووکەکانن لە باخچە چاودێری دەکرێن و گرنگییان پێ دەدرێت تا گەورە دەبن و بەرهەمیان پێدەگات) (بابان، محمد و محمد، ٢٠١٦: ل ٢٣) ئەوەی پەیوەستە بە وڵاتی عێراقەوە (یەکەم باخچەی منداڵان ساڵی١٩١٣لە لایەن ئەرمەنییەکانەوەدامەزرا، لەساڵی ١٩٢٦-١٩٢٧ یەکەم باخچەی منداڵان بەشێوەیەکی فەرمی لەشاری بەغداد دامەزرا، لە هەرێمی کوردستانیش یەکەم باخچەی

منداڵان لەساڵی ١٩٥٣-١٩٥٤ لەشاری سلێمانی کرایەوە بەناوی باخچەی منداڵانی سلێمانییەوە) (بابان، محمد و محمد، ٢٠١٦: ل٢٦) گرنگی ئەم دەزگایە لەوەدایە وێستگەی گواستنەوەی منداڵە لە ناو بازنەی خێزانەوە بۆ ناو بازنەی قوتابخانە و خوێندن، ئامادەکارییە بۆ وەرگرتنی ئەرک و بەرپرسیارێتی، جیا لەوەی لەناو خودی باخچەدا (منداڵ لەڕێگەی یاریکردن و تێکەڵاو بوونی منداڵانی تر و گێڕانەوەی چیرۆک و سروود و گۆرانی وتنەوە لە زۆر گرژی و هەڵچوون و خەم و خەفەت ڕزگاری دەبێت، ئەگەر ئەو ژینگەیە نەبێت گرژی و خەم و خەفەت و هەڵچوونەکان تووشی گرفتی دەروونی دەکەن) (قەرەچەتانی، ٢٠١٦:ل ٢١٢) لەڕوانگەی بایەخی ئەم قۆناغەی تەمەنی منداڵ و گرنگی باخچەی منداڵان، پێویستە لێرەدا هەوڵی کاراکردنی بەهاکان بەپێی ڕەچاوکردنی تەمەنیان بدرێت، لەژینگەی هەرێمی کوردستانیش ڕەنگە باشترین ڕێگا بۆ چاندنی بەهاکان هۆنراوەو و گۆرانی و موزێک بێت.

**تەوەری سێیەم: بەهاکان و بایەخیان:**

(بەها: کۆمەڵێک بنەما و پێوەری باڵایە، تاک لە ڕێگەی پەروەردەوە وەریان دەگرێت، ئاراستەکار و ڕێپیشاندەری هەموو کارەکانی مرۆڤە، بەهۆیەوە تاک پێوانەیەک وەردەگرێت

بۆ بڕیاردان بەسەر ڕەفتاری تاکەکانی تردا) (محمد:٢٠١٦، ل ٥٨) ، بۆیە دەکرێ بڵێین بەهاکان بریتین لە کۆمەڵێ پێوەر و بنەما یان ڕێکخستن و ڕێکاری ڕەفتاری کەمرۆڤ دەیان گرێتە بەر، بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی مرۆڤایەتی هاتوونەتە دی و لەڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و خێزان و دەزگاکانی تری هاوشێوەیان دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەکانی تر و هەوڵی چەسپاندن و هینانە دییان دەدەرێت.

بێگومان ئەمەش لەڕێگەی پڕۆگرامێکی دیاریکراوەوە دەبێت، هەربۆیەش ئەرکەکانی پڕۆگرامی خوێندن چڕدەکرێنەوە لە چاندنی بەها بالاکان و ناسنامەی نەتەوایەتی، بەهاکان بە گرنگترین بنەمای کلتوری دانراون لەبەرئەوەی: یەکەم (دەچنە ژیانی تاکەوە و دواتر کۆمەڵیشەوە، ئەم تێبینیکراوە وەهایکردووە، کە جێگەی لێکۆڵینەوە و گرنگپێدانی ژیربێژ، زانایان و بیرمەندان بێت، هەربەهۆی ئەم خاڵەیشەوە مرۆڤ لایەنداری، شوناس، خودێتی نەتەوەیی خۆی پتەو دەکات) (حسین:٢٠١٩، ل ٤٧) دووەم (گرنگی بەها لەوەدایە، کە بەپایەیەکی کارەکی پەروەردە دادەنرێت، لەبەرئەوەی گرنگترین ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، فیرکاری و فێربوونی بەهایە-ئاشکرایە ، کە چنراوی بەهایی لە بنەما بنەڕەتییەکانی کاری

پەروەردەیین و لەمیشەوە سیستمی پەروەردەیی هەر کۆمەڵێک ڕۆڵێکی کارا لەبنیاتنانی بەهای ئەرێنی و لابردنی بەها نەرێنییەکان لە ژیریی و ڕەفتاری تاکدا دەگێڕێت) (حسێن:٢٠١٩، ل ٤٧) هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی پەروەردە و دەزگای پەروەردەییەوە دەبێت چونکە پەروەردە (بریتییە لەباش گۆشکردن و ڕاهێنانی نەوەی نوێ لەسەر زمان پاکی و دەرونپاکی و ڕەوشت بەرزی و خوێندەواری، بەجۆرێک کە نەوەی نوێ سوود مەند بێت لەو پەروەردەکردنەی لەمنداڵیەوە لەسەری گۆشکراوە و پەروەردەکراوە) (ئالانی، ٢٠١٥:ل٤١) هەر لەناوەندی ئەم پرۆسەیەشەوە دەبینین، کە (پەروەردەکردن و وەبەرهێنانی تاکیش پەیوەستە بە پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی هەرنەتەوەیەکەوە، کە خۆی لە بەها بالاَکان، داب و نەریت، کلتور، دنیابینی، ئەزموون، تێڕوانین لەژیان و دەوروبەری ...هتد دەبینێتەوە) (حسێن:٢٠١٩، ل ٤٥ ) لە بەر هەموو ئەم گرنگی و بایەخەیە، کە هەموو ئەمانەی خستمانە ڕوو مەبەستمان هەڵسەنگاندنی ڕاددەی بایەخ دانی کاراکردنی ئەم بەهایانەیە لە ریی هۆنراوەوە، بۆیە دەبێت زۆر بەدرووستی مامەڵە لەگەڵ منداڵان بکەین لەم تەمەنەدا، لێرەوەش ڕۆڵ و بایەخی باخچەی منداڵانمان بۆ دەردەکەوێت.

**تەوەری چوارەم: هۆنراوە و ڕۆڵی لە کاراکردنی بەهاکاندا:**

هەرچی پەیوەستە بەئەدەبەوە بەسروشتی خۆی پەیوەندی لەگەڵ ناخ و ناوەوەی مرۆڤدایە، وە ئاڕاستەی پەیامی لەوە، (منداڵیش بەسروشتی خۆی و بەگوێرەی بچوکی تەمەن و کەم ئەزموونی لەژیاندا، خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پاک و دەروونێکی بێگەردە، بۆیە ئەدەب دەتوانێ بەشێوەیەکی کاراو کاریگەر بەسەر منداڵەوە کاریگەر بێ، ڕێنمایی پێبدا و ئاڕاستەی بکا، بەڵام دەبێت بەوریاییەوە ئەدەب مامەڵە لەگەڵ منداڵ بکا، نابێت ئەو ئەدەبە منداڵ بەشێوەیەک ئاڕاستەبکا کە گۆمی بیری لیخن بکات) (شوانی:٢٠١٨، ل ٣٦) هەر ئەمەش وایکرد ئەدەبێک بێتە کایەوە بەناوی ئەدەبی منداڵان و سەرەتاکەی بۆ دەستپێکی ژیانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە لە لایەلایەی دایک بۆ کۆرپەکەی دەستپێدەکات و ئەوەی بەشێوەی نووسراوێش هەیە سەرتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ (هەکایەتەکانی ئیسۆپ (١٤٧٥-١٤٨٠) و دواتر ژان دی لاوەنتین (١٦٢١-١٦٩٥) و ئەو لێشاوە چیرۆک و شیعرانەی کە لە چەرخی هەژدە و پێشتر لەسەر لاپەرەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان وولاوکراونەتەوە) (بەرزنجی: ٢٠١٠، ل ١٢) کە ئێمە زیاتر جەخت لەسەر هۆنراوە دەکەینەوە، بەپێیەی دەکرێت لە

هۆنراوەکان (بانکی وشەکاری دروستبکەین ، منداڵان وشـەکان دەربهێنن و وشەکان هانیان بدەن بۆ بیرکردنەوە، کە چۆن ئەم وشانە ئەگەڕێتەوە بۆ سروشت و هەڵسوکەوت و کردارەکانی خۆیان بەئاراستەی یەکتری) (فیۆنا:و.بەرزنجی، ٢٠١٨، ل ٢٠٩) بەڵام گـرنگە و جێـی بـایەخە، کە هۆنراوەکـان بەشـێوەیەکی سـادەبخرێنە ڕوو، پێوسـتە ئـاوێتەبکرێ لەگەڵ موسـیقا و بەشـێوەی گۆرانی بەمنـداڵەکان بـوترێتەوە، چـونکە (لەڕێگەی چالاکی و گۆرانیەکانەوە منداڵ وشەکان دەڵێتەوە بەمەش فێری دەنگ و وشەی جیاواز دەبن، چەمکی نوێ فێردەبن، چالاکییە مۆسـیقییەکان یـارمەتی منـداڵ دەدات بـۆ گەشـەکردن و بەئاگابوون و تێگەشتن) (بابان: ٢٠١٩، ل ٢٧) گرنگی ئەم جۆرە لەخستەڕووی هۆنراوە بۆمنداڵ لەوەدایە لەتەک شـیکردنەوە و هەوڵـی چەسـپاندنی بەهاکـان (منـداڵ کاتێـک وشـەکان دەکـاتە گـۆرانی، دەتوانێـت گـۆرانی و ئـاواز فێربێـت، جەسـتەیان گەشـەدەکات، لەرێگەی جوڵە لەسـەرئاوازی مۆسـیقا و ژەنینـی ئامێرەکان، هاوکاریان دەبێت بۆ درووستکردنی چەمکی باش و ئەرێنی لەسەر خودی خۆیان، ناسـینی ڕۆشـنبیری و لێهاتوویی نوێ، زیاتر خۆیان خۆش دەوێت، زیاتر لەهەستەکانی خۆیان تێـدەگەن و دەتـوانن دەریببـڕن) (بابـان: ٢٠١٩،ل ٢٧) ئەم

دەربــڕین و خســـتنە ڕووەی هۆنراوەکـــان ئەگەر بەشـــێوەی گـۆرانی بـوو کـاریگەری زیـاتری دەبێـت و خـۆئەگەر لەتەک گۆرانیدا موزیک هەبێ و هاوکاربێ کاریگەرییەکە زۆر زیاتر دەبێت، بەو پێیەی (مۆزیک ئەتوانرێت بەچەند ڕێگایەک بەکار بهێنرێت بۆ بەتواناکردنی منداڵان بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی باش بکەن و هەڵسوکەوتی خۆیان بەهەند وەربگرن، کە پەیوەندی بەسروشتی خۆیانەوە هەیە، هەروەها ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت بــۆ دروســـتکردنی کەشـــێکی لەبـــار لەنـــاو پۆلـــدا، کە تـــۆ بەگونجـــاوی دەزانـــی بـــۆ پێـــدانی چـــالاکییەک) ( فیونـــا، و.بەرزنجـــی:٢٠١٨، ل ٢١٨) مۆســـیقا و گـــۆرانی بۆکۆمەڵێـــک ئامـانج بەکـار دەهێنرێت لەوانە: (وزەی زیـاد بەتـاڵ دەکـاتەوەو تـوڕەیی هێوردەکـاتەوە، وادەکـات فێربـوون چێـژ بەخـش بێـت، بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی هەستەکان لەڕێگای سەما و جوڵە و گۆرانی گوتنەوە، ژینگەیەکی تێگەیشـتن بۆ هەندێک کلتـوری جیـاواز لای منـداڵ دروووســتدەکات) (بابـان و محمـد: ٢٠١٩، ل ٢٦) بـۆئەوە قۆنـاغ بەنـدییەکە تەواو کەیـن کاتێـک هـۆنراوە دەکەیـن بە گـۆرانی و گـۆرانی ئـاوێتە دەگەیـن لەگەڵ مۆسـیقا چێژێکـی زیـاتر و کـــاریگەری زۆرتـــری دەبێـــت بەڵام ئەگەر هەنگـاوێکی تـر بایەخـدانەکانمان زیـاتر کەیـن سـەکۆی شـانۆ

لەگەڵیدا بەکار بهێنین و منداڵان سەما بکەن لەتەک ئاواز و گۆرانییەکەدا ئەوا کاریگەرییەکە زۆر باش ڕەنگدانەوەی دەبێت، چونکە (سەما ئەتوانرێت دابنرێت بۆ یارمەتی دانی منداڵان بۆ تێگەیشتن، کە چۆن جەستە و مێشکیان وەڵام ئەدەنەوە بۆ مۆزیک و سۆز و دۆخەکان، سەما ئەتوانێت سەرقاڵیان بکات لە پرۆسەیەکی بەهێزدا، بەتوانایان دەکات بۆ پەرەپێدانی کۆنترۆڵ کردن) (بەرزنجی: ٢٠١٨، ل٢٢٨) بەپێی توێژینەوەکان سەلمێنراوە، کە (ئەو منداڵانەی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا باوەڕییان بەخۆیان نییە، بە چالاکی لەشانۆی قوتابخانە و کاروباری شانۆیی دا دەتوانن دەرفەتی فێربوونی توانا نوێکان بەشێوەی دڵنیا و چێژبەخش لە شوێنی ڕکابەریدا بەدەست بێنن، مامۆستای شانۆ هەندی ڕاهێنان بە منداڵان دەکات ، کە لەڕێگای ڕۆڵ گێڕان لەسەر شانۆ، خۆباوەڕی زیاتر پەیدا بکەن) (هاوس، و، مەجیدی: ٢٠١٩، ل ١٩٥) هەموو ئەمانە متمانەی ئێمە بە ناوەندەکانی پەروەردەکردن پتەو تردەکەن و دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ناوەندی پەروەردەیی دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ و گەورەی هەبێت لە ناو دەزگا و ناوەندە پەورەردەییەکانیش دەکرێت هۆنراوە یەکێک بێت لەو ڕێگا گرنگ و پڕبایەخانەی کە لەڕێیەوە بتوانین بەهاکانی پێ

کارابکەین هەر دوو دەزگای خێزان و پەروەردەیی گرنگترینن، بۆیە کۆدەنگی تەواو هەیە لەسەر بایەخ و گرنگی ناوەند و دەزگای پەروەردەیی و (دەوڵەتان... لەسەر ئەو باوەڕەن ئەگەر فێربوون پەرەبستێنێت هەموو کۆمەڵگا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دێنێت، چونکە فێربوون و سەرکەوتنی کۆمەڵگە، پەیوەندی نزیکیان پێکەوە هەیە) (هاوس، و، مەجیدی:٢٠٠٩، ل ١٢٠) لێرەوە دەچینەوە سەر ئەو پێناسەیەی جۆن دیوی بۆ پەروەردە کە دەڵێت: (پەروەردە ژیانە، چونکە کەسایەتی تاک یان قوتابی پێدەگەیەنێ، بۆ ئەوەی بەهرەکان بکرێنەوە و توانستەکان دەربکەون) (جگەرسۆز: ٢٠١٥، ل ١٠) یەکێک لە ئامانجەکانی خێزان و ناوەندی پەروەدەیی دروستکردنی تاکێکی پێگەیشتووی کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوەی (پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بریتییە لەتوانای دەربڕینی هەست و سۆزی خۆشەویستی بۆ کەسانی دیکە) (حەمەدەمین: ٢٠١٦، ل ١١٤) لەم ڕووەوە بەشی دووەمی توێژینەوەکان تەرخانکردوو بۆ هۆنراوەکانی (عەلی حمەڕشید بەرزنجی) کەتایبەت بەمنداڵان و بەدیارکراوی بە قوناغی باخچەی منداڵان و پێش چوونە قوتابخانە.

## بەشی دووەم

## هۆنراوەکانی عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی ڕۆڵیان لەکاراکردنی بەهاکان لە باخچەدا.

لەبەشەدا هەوڵی ڕاڤەکردنی هۆنراوەکانی شاعیر (عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی) دەدەین لە ڕوانگەی بایەخدانی بە بەها پەوەردییەکان، شاعیر زۆربەی بەرهەمەکانی بۆ منداڵان نووسیوە و لەناویاندا بەرهەمێکی بەناوی (ئاوازی شادی) (بەرزنجی،٢٠١٩) تایبەت کردووە بە قۆناغی باخچەی منداڵان بۆیە ئێمەش بەپێی تەمەن و قۆناغەکە دەڕوانینە هۆنراوەکان، چونکە منداڵ لە (تەمەنی ٤-٥ ساڵی، کەتەمەنی منداڵی باخچەی منداڵانە هەندێک لەو لێهاتووییە کۆمەڵایەتییانە فێردەبێت وەک: هاوکاری، هاوبەشی، ویژدانی یان هاوسۆزی، کارلێککردن لەگەڵ کەسە گەورەکان، ناسینی سیستەمی دەزگا و دامەزراوەکان بۆ نموونەوە وەک سیستمی خێزان یان باخچە کە دەوام دەکات ڕۆژانە) ( بابان و محمد، ٢٠١٩: ١٢٧) ئەم لیهاتووییە کۆمەڵایەتییانەش بە پێی قوناغە جیاوازەکانی تەمەن و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئاستی کۆمەڵایەتی جیاوازە (لەقۆناغی باخچەی منداڵان پێویستە منداڵ فێری لێهاتوویی زمان و ڕێز و هاوکاری و سیستم ببێت) ( بابان و

محمـــد، ٢٠١٩: ل١٢٢) بەســـوود وەرگــرتن لەم بۆچوونـــانەی خسـتمانە ڕوو و هەروەهـا لە پرۆگرامـی باخچەکـانی منـداڵانی وڵاتانی دەوروبەر " کوێت و ئیمارات" وەک نموونە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەها و کارامەییانە کە پێویستە لە منداڵێکی باخچەدا بهێنرێنە دی لەم خشتەیەدا ڕووندەکەینەوە:

| ژ | ڕای نووســـەرانی خۆماڵی | وڵاتی کوێت | وڵاتی ئیمارات |
|---|---|---|---|
| ١ | هاوکاری | هاوکاری | زانست و زانیاری |
| ٢ | هاوبەشی | لێبوردەیی | کارامەیی زمان و جەستە |
| ٣ | هاوسۆزی | ئەمـــــانەت پارێزی | ســـــــــەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی |
| ٤ | کارلێـــــک لەگەڵ کەسە گەورەکان | چاکەکاری | کارلێک لەگەڵ ژینگەکەی و خۆ گونجاندنی |
| ٥ | ناســینی سیســتەم (خێزان، باخچە) | ئارامگری | بەرەوپێشبردنی خود |
| ٦ | ڕێزگرتن | ڕێزگرتن | |
| ٧ | زمان | | |

بەپێی ئەم ستانداردانەی خستمانە ڕوو هۆنراوەکانی شاعیر و ڕاددەی بایەخ دانی بەهەر یەک لەم بەهایانە دەخەینە لەدوو تەوەردا دەخەینە ڕوو بەم شێوەیە:

**تەوەری یەکەم: ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی ستاندارده ئاماژه پێکراوەکانن:**

- **ناسینی سیستەم دامەزراوەکان:**

یەکێک لە بەهایانە هەوڵدانە بۆ ناساندنی هەریەک لە پێکهاتەی خێزان و ئەو دەزگا پەروەردەییەی کە منداڵ دەچێتە ناوی هەوڵی خۆشویستنی هەریەک لەم دەزگا گرنگەی لە لابدریّ، کە شاعیر زۆر بەڕوونی ئاماژەی پێکردووە وەک لە هۆنراوەی (خێزان) (بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٣٦) دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| ئـێمە گشـت یەک خێـزانین | بەیەکتـــــرەوە جـــــوانین |
| بـــابە و دایەی میهرەبـــان | هەر وەکو خۆری گەش وان |
| هەرچییەکمـــان پێویســـتبوو | بۆمـــان دابـــین دەکەن زوو |
| خوشـک و بـراش لە خێـزان | مانـــدوو دەبـــن وەک ئەوان |
| لەگەڵ یەکـــدا هاوکـــارین | خێزانێکـــــی بەختیـــــارین |
| خۆشەویســتی و ڕێزگـرتن | چالاکـــــانە کـــــارکردن |
| مانـدوو بـوون و هەوڵـدان | دروشـــــممانە لە خێـــزان |

شاعیر لەگەڵ هەوڵدانی بۆ ناساندنی پێکهاتەی خێزان و هەوڵی هێنانەدی ڕێز و خۆشەویستی لە نێوانیان، هاوکات گیانی هاوکاری هەوڵدان بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر دەکاتە دروشمی خێزانێکی سەرکەوتوو و هەر لەسەرەتاوە منداڵانی پێ گۆش دەکات.

لەتەک ناسینی خێزان ناسینی ماڵی دووەمی منداڵ و یەکەم شوێنی فەرمی کە داوی دامەزراوەی خێزان پێی دەگات کە ئەویش باخچەی منداڵانە زۆر گرنگە بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی پڕچێژ پێشانی منداڵ بدرێت تا زیاتر خوولیای ئەم دامەزراوەیە بێت شاعیر لە هۆنراوەیەکدا زۆر بەوردی باخچە و مامۆستا و بەرنامەکانی باخچە بۆ منداڵان دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

ئەو کاتانەی لە باخچەین          دڵخۆش و لێو بەخەندەین
مامۆستای دڵ میهرەبان          کە دێت ژوور بۆلامان
گەنجینەی زانیارییە          وانەکەی هەر یارییە
جارێک چیرۆکی بەسوود          جارێک هۆنراوە و سروود
جارێک سەما و گۆرانی          لە پێش نانی بەیانی

جـار جـارێکیش بەوردی فـــیلم کــارتۆنی کـــوردی
هـەر لەژوورەکەی خۆمان دەکـــاتە دیـــاری بۆمـــان

- **ڕێزگرتن:**

بەهایەکی گرنگ و بایەخدار، کە پێویستە لەهەرتاکێکدا بوونی هەبێت ڕیزگرتنە بۆیە دەبێت لە سـەرتاوە و لەتەمەنێکی منداڵی زوودا هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی بـدرێت لە منداڵانـدا و بـۆ ئەم مەبەسـتە ڕێگـای جـۆراو جـۆر دەگیـرێتەبەر یەک لە ڕێگایـانە هـــۆنراوەیە کە شـــاعیر هەوڵیـــداوە لە بـــاخچەوە و لەڕێـــی هـۆنراوەوە منـداڵانی پـێ گۆشـبکرێ ئەویـش ڕێزگـرتن بە دوو ئاڕاســتە یەکەمیــان ڕێزگــرتنە لە ئەوانــی تــر، وەک لە چەنــد هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

ماموســـــتا شـــــیرینەکەم هانـدەری هیـوا و خـۆزگەم
تۆ بـۆ ئێمەی وەک خونچە تیشـکی خـۆری لە بـاخچە

یان

ماموســـــتا بەدڵســـــۆزی بەخۆشەویسـتی و سـۆزی
بــــۆ ئـــیمەی بچکـــۆلانە خـــۆرە لەم بـــاخچە جـــوانە

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٣٠، ٥٥)

دواتـر ستایشـی تەواوی کارمەنـد و دادەکـانی نـاو بەخـچەی منداڵان دەکات و منداڵان ڕادەهێنـی، کە ڕێـزی هەمـووان وەک یەک بگرن و پێزانینیان بۆ دەرببڕن، دەڵێت:

سوپاسـێکی بـێ پایـان — بـۆ دادە و مامۆسـتاکان
کارمەنـدانی بـاخچەکەم — سوپاسـی ئێـوەش دەکەم
ئەو کاتـانەی لێرەبـووم — وەک تیشکی ئەستێرە بووم
ماڵی سۆز و ئەوین بوو — جێگەیەکـی ڕەنگـین بـوو

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٤٠)

جگە لەمە جەخت کردنەوە لە ڕێزگرتنی خودی خۆیان لەلایەن منداڵانەوە کە پێویستە خۆیان بایەخ بەکەسێتی خۆیان بدەن و ستایشـی بـوون و تواناکـانی خۆیـان بـکەن و ڕێـز لەبەهـرە و تواناکـانی خۆیـان بگـرن. وەک شـاعیر لە چەنـد شـوێنێکدا هۆنراوەی بۆ ئەم مەبەستە نووسیوە و دەڵێت:

تەماشـاکەن چەن جـوانین — هـۆی بەختیاری ژیـانین
ئـێمە هەمـوو ئاسـودەین — بۆیە وادەم بەخەندەین
یان

خونچەی باخچە کەنارین      ژیر و وریا و نازدارین
هەموو لەم باخچە خۆشە      شاد و ئاسودە دیارین

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ١٢، ٢٠)

- **بەکۆمەڵایەتی بوون و پێکەوەکارکردن:**

ئامانجێکی گەورەی باخچەی منداڵان هێنانەدی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵایەتی کردنی منداڵ و چەسپاندنی گیانی کارکردنە بەتیم ڕەنگە هەنگاوی سەرەتای ئەم جۆرە کارکردن و بە کۆمەڵایەتیبوونە یارییەکانی منداڵان و تێکەڵبوونە لە گەڵ هاوڕێیانی لە باخچەی منداڵأن شاعیر هەوڵی داوە لەڕێی هۆنراوەوە وێنەی ئەم دیمەنەمان بۆ تۆمار کات و جارێکی تر وەک بەهایەکی پڕ بایەخ لەناخی منداڵاندا بیچەسپێنێ و دەڵێت:

جار جار یاری میکانۆ      ئەنجام دەدەین لەسەرخۆ
خۆ بۆ ماڵە باجێنە      یاخود بۆ خلیسکێنە
باخچە باشترین شوێنە      ڕازاوەیە و خاوێنە

یان

لێرە هەر خەریکی یارین      هەر هەمووومان بەشدارین
ژوورەکانمان ڕازاوەن      بۆ خۆشیمان سەرچاوەن

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل٩، ٢٣)

یان لەهۆنراوەی ماڵە باجینەدا وێنایەکی تەواوی دنیای منداڵی، بەڵام پڕ لەگیانی هاوسۆزی پیکەوە کارکردنمان بۆ دەکێشێ و دەڵێت:

کـــــۆڤین و هاوڕێکـــــانی     بەخۆشـــــی و شـــــادمانی

ڕۆژێکیـــــان لەبەر دەرگـــــا     بەکـــــۆمەڵ لەیەک جێگـــــا

دۆشـــــەکێکیان دانـــــابوو     لێـــی دانیشـــتبوون هەمـــوو

ســـازیان دابـــوو لەو شـــوێنە     یـــــاری مـــــاڵە بـــاجێنە

یەکێـــــک بـــــابە و یەک دایە     بـــێ دەنـــگ هەریەک لەلایە

یەک دووانێکیـــان میـــوان بـــوون     هەتـــاکو بڵێـــی جـــوان بـــوون

یەکێکیـــــان مامۆســـــتا بـــــوو     قوتـــــابی لا وەســـــتابوو

یەکێکیـــــان داپیـــــرە بـــــوو     دەوریـــان لـــێ دابـــوو هەمـــوو...

بەجـــــوانی دانیشـــــتبوون     لە پەپـــوولە و گـــوڵ دەچـــوون

چـــونکە بـــێ کیـــنە و ژیربـــوون     تـــــابلۆیەکی دڵگیربـــــوون

خۆشەویســـــتی و هاوکـــــاری     ڕێـــز و پـــاکیی نـــاو یـــاری

دیـــــاری مـــــاڵە بـــــاجێنەن     لەبەرزیـــــدا بـــــێ وێـــــنەن

(بەرزنجی، ٢٠٠٧: ل ١٨)

- **زانین و فێربوون:**

یەکەم هەنگاوی فەرمی زانین و فێربوون لە باخچەوە دەستپێدەکات بۆیە گرنگ و جێی بایەخە کە مامۆستایان و پەروەردەکاران ڕێگای جۆراو جۆر بگرنە بەر و لەناویاندا کاریگەرترین و سادەترینیان هەڵبژێرن بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانین و باشترکردنی توانی فێربوونیان لەم بوارەدا شاعیر هەنگاوی باشی ناوە و چەند هۆنراوەیەکی هەیە بۆ منداڵانی باخچە لەتەک بایەخی فێربوون، زانیاری لەبارەی چەند شتێکی هەمەچەشنەوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

ئێمە لەباخچەی هەنین دڵخۆشین پێدەکەنین
زانستی باش و بەسوود شیعر و گۆرانی و سروود
ڕەوشتی جوان و شیرین هەمووی لەوێ فێردەبێن

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ١٨)

یان لە ناساندنی میوەی شووتیدا دەڵێت:

من خڕ یان درێژکۆلەم گەورە یاخود بچکۆلەم
کە پێدەگەم شیرینم میوەی وەرزی هاوینم

دەمپـــارێزێ تـــوێکڵەکەم — تـــا بەجـــوانی پێـــبگەم
توێکڵم سەوز و ناوم سوور — دەمناســـــــیتەوە لە دوور
پـــاکم دەکەن بە چەقـــۆ — قاشـــم دەکەن لەســـەرخۆ
لەنـاو قـاپ لەسـەر سـینی — زۆر جـــوانم کە دەمبینـــی
ئەوســـا دەورم لـــێ دەدەن — دەمخـــۆن و تـــامم دەکەن
ئێســـتا دەزانـــن مـــن چـــیم — هـا هـا هـا هـا من شـووتیم

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٤١)

یان لەناسینی ساڵ و ژمارەی مانگەکانی دا دەڵێت:

چەنـد خۆشـــە منـــی منـداڵ — شـــارەزابم مـــانگی ســـاڵ
ســـــــاڵی زاییـــــنی وایە — هەر دوانـزە مـانگی تیـایە
سێســەد و شەســت و پێـنجە — ژمـــــارەی ڕۆژەکــــــانی
کە شووبات بیست و نۆ بوو — ڕۆژێـک زیـاد کە بەجـوانی

(بەرزنجی،٢٠١٣: ل ٤)

- **سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی و بەرەوپێشبردنی خود**

خـاڵێکی گرنـگ و ئامـانجێکی بـاخچەی منـداڵان ڕۆڵ پێـدانە بەمنداڵان و تاهەست بە سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی بکەن و لەم ڕێگەیەوە خۆیان بەرەوپێش ببەن و توانا و لێهاتنەکانیان دەربخەن و هەوڵی داهێنانکاری بدەن لە سنوری بیرکردنەوە و دنیـابینی منـداڵانەی خۆیانـدا شـاعیر لەم ڕووەوە چەنـد هـۆنراوەیەکی هەیە کە کاتێـک منـداڵان دەیڵێـنەوە هەسـت بە بوونی خۆیان دەکەن وەک ئەوەی دەڵێت:

بەخێرهاتن هەرهەمووان بۆنـاو بـاخچەی منـداڵان
بـــۆ بینینـی ڤیستیڤاڵ چـالاکی ئـێمەی منـداڵ
وا بـــۆ پێشوازی ئێوە گشت وەستاوین بەپێوە
چـــالاکیمان دەنوێنین بوونیشمان دەسەلمێنین
پێتـان دەڵێین بەخێربێن دڵخۆشین کە ئێوە دێن

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٢٩)

جگە لەوە شاعیر هەوڵی ئەوەی داوە چالاکیە هەمە چەشنەکانی ڕۆژانەی مندألان بە خوولیای ڕەنگاو ڕەنگ ناو ببات و دەڵێت:

منـــداڵێکی چـــالاکم نـاخم پڕ خوولیـای جـوانە

هێندە لێم تورە مەبن      مەمشکێنن ڕۆژانە

(بەرزنجی،٢٠١٠: ل ٢٢)

شاعیر ئەم هەستی متمانە بەخۆبوونە بەشێوەیەکی زۆر وریایانە لەناخی منداڵاندا دەچەسپێنێت و وەک یەکێک لەبەها گرنگەکان دەبێتە جێی بایەخی و بەڕوونی لە هۆنراوەی (ئێمەی منداڵ) دا ڕەنگ دەداتەوە و دەڵێت:

خونچەی گوڵی جوان جوانین      هیوای بەرزی ژیانین
بۆ دوارِۆژی گەلی کورد      بنیات نەرین ئێمەی ورد
بۆ شانۆی ژین ڕووناکین      خاوەن بەهرە و چالاکین
بەدەنگی وەک مۆسیقا      ژین پڕ دەکەین لە قا قا
بۆ بەهار و تیشکی خۆر      بۆ گوڵی بۆنخۆش و زۆر
دەم بە گۆرانین هەموو      بێ مانوو بوون و پشوو

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٤٥)

**تەوەری دووەم: ئەو بابەتـــانەی کە لە دەرەوەی ســـتانداردە ئاماژە پێکراوەکانن:**

- **پاکوخاوێنی**

پـاکو خـاوێنی و ســەلامەتی تەندروســتی بەهــایەکی گــرنگە بەمەســـــتی خۆپـــاریزی و دوورکەوتـــــنەوە لەهەر جـــۆرە نەخۆشـــییەک کە ئەگەری تووشـــبوونی هەیە و ڕووبەڕووی منداڵان دەبێتەوە، ئەگەر چی ئەم بەهـایە بەپێی ستانداردەکان یەکێک نییە لەو بەهایانەی کە لەخشتەی سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوەو تایبەتن بە قۆناغی بنەڕەتی (حوسێن،٢٠١٩: ل٥٠) بەڵام شـاعیر لە ڕێی هـۆنراوەوە منداڵانی بۆ هاندەدات و بـایەخێکی زۆری پێــداوە و هەوڵـــی چەســـپاندنی ئەم بەهـــایەی داوە لە هۆنراوەی (ددان) دا دەڵێت:

هاوڕێکـــــــانم بــــــزانن ددانەکـــــــــانم جـــوانن
دەیپـــــاریزم بەچـــــاکی پێوەی دەنووم بە پاکی
بەیانیـــان لەخەو هەســـتام وەک پێی وتم مامۆستام
کاتێک شۆردم دەم و چاو ددانیش دەشـــۆم تەواو
کرِیـومە فلـچە و دەرمـان بەتـــــــایبەتی بـۆ ددان
هەر کـاتێکیش شت بخـۆم خێرا دەم و دان دەشۆم

شـــــــتی ڕەق بەددانــم نـــــــاشکێنم تا بتـوانم
بـــــــۆیە کە پـێ دەکەنـم جـــــوانن ددان و دەمـم

(بەرزنجی، ٢٠١٩: ل ٤٨)

هەوەهـا لەبـارەی خۆپـارێزی لە خـواردنی ناتەندرووسـت و زیانەکـانی شـاعیر لە ڕێـی هـۆنراوەوە هۆشـداری بەمنـداڵانی باخچە دەدات و دەڵێت:

شـــتی ســـەر عەرەبـــانە بۆمـــان مـــایەی زیـــانە
هەرچەنـد جـوان دانـراوە ســــــەری دانەپۆشـــــراوە
پـڕ تەپ و تـۆزە و پیسـی ســەرچاوەن بـۆ نەخۆشـی
میکرۆبـی زیـت و وریـا دێـن و دەچـن لە ناویـا
تــا بەلەش ســاغی بــژین پێویســتە لێیــان دووربـین

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٣٨)

- **بەزەیی:**

بەزەیـی وەک بەهـایەک مـایەی بـایەخ پێـدانە لای شـاعیر بەڵام ئەوەی زیـاتر بەلای شـاعیرەوە جەختـی لێکـراوەتەوە بەزەیـی هاتنەوەیە بە گیاندارانـدا و هـاوڕێیەتی کردنە لەگەڵیانـدا وەک لە هۆنراوەی (پیشلەکەی من) دا شاعیر دەڵێت:

پشیلەکەی من زۆر جوانە ‏ ‏ لـــــــە مـــاڵەوە میـوانە
کە برسی بێ دەڵێ میاو ‏ ‏ منیش دەڵێم بەسەر چاو
نـان و ماسـتی بـۆ دەبەم ‏ ‏ خێـرا دڵـی خـۆش دەکەم
ئیتـر لـــــــەوێ نـامێنێ ‏ ‏ تێـر دەبـێ و نـا میـاوێنێ

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٤٤)

جیـا لەوە شـاعیر هەوڵـی ئەوەی داوە لەتەک ئەم هـاوڕێیەتی کردن و بەزەییەی مندالان بۆ گیانداران شـێوەی ژیانیان بگـاتە پەند و وانەیەک تامندالان لێیانەوە فێربن و وەک سەرمەشقێک بڕواننە شێوەی ژیانی باڵندەکان و ل شیعری (کۆتر) دا شـاعیر دەڵێت:

کـۆترەکەم سـپی و جـوانە ‏ ‏ بۆخـۆی دەکـا هـێلانە
کە پـوش بـۆلانەی دەبـات ‏ ‏ فێری کۆششم دەکات
کە دان بە بێچـــووی دەدات ‏ ‏ فێری بەزەییم دەکـات
دەفـڕێ دەچـێ بـۆ ئاسـمان ‏ ‏ لێی جوانە تەقلە لێدان
سەربەسـت دەڕواو دێـتەوە ‏ ‏ لای مـن دەنیشـێتەوە

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٤٩)

- **یاسا:**

یاسا بەهایەکی گرنگە و فێربوونی پێویستە ئەگەرچی بەپێی ستاندارده جیهانییەکان بەشێک نییە لەوبەهایانە کە لەپرۆگرامی باخچەدابێت و ئێمەش وە لەخشتەی بەهاکاندا خستوومانەتە ڕوو یاسا و فێربوونی داواکراو نییە بۆ قۆناغی باخچە بەڵام شاعیر لەو پەرتووکەی دا کە بۆ قۆناغی باخچەی داناوە گرنگی بەم بەهایەداوەو لەهۆنراوەی (پاسیکلەکەم) دا دەنووسێت:

پاسکیلەکەم تازەیە    دیاری دایە و بابەیە
کەڕۆژانە سواردەبم    لەم سەر تا ئەو سەر دەچم
کاتێک پایدەر لێ دەدەم    هەست بە دڵخۆشی دەکەم
چالاک و وریا دەڕۆم    بەئاگام لە دەوری خۆم
کە ئوتۆمبێل لەوناوە    نزیک بوو دەچمە لاوە
دەوەستم هەتا دەڕوات    تا ئازارم پێ نەگات


(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ٨٨)

هەروەها لەبارەی بایەخ و گرنگی یاساکانی هاتو چۆوە بۆ منداڵان شاعیرلە هۆنراوەی (میوانی ژوور) دەنووسێت:

تەقە تەقـــی دەرگـــای پـــۆل هـــێمن و لەســـەر خۆبـــوو
کە مامۆســــــتا کــــــردییەوە پۆلیســـی هـــاتو چـــۆ بـــوو
دڵخۆشـــــبووین بەدیـــــداری وتمـان بەخێربێـی سـەرچاو
هەمووەمـــان تـــۆ دەناســـین کەســـێکی مانـــدووی تەواو
چەنـد خۆشـبوو وەک مامۆسـتا لە جێگـــاکەی ئەو وەســـتا
بەشـــــێوازی جـــوان و ورد بـــــاسی هێماکـانی کـرد
زۆر شـــتی نـــوێی فێرکـــردین ئەو کـــاتەی لەلامـــان بـــوو
لە خۆشـــــــی ئەو میـــــوانە قاقـا و چەپـڵە ڕێـزان بـوو

(بەرزنجی،٢٠١٩: ل ١٠١)

سـەرجەم ئەو بەهایـانەی کە جێـی بـایەخی شـاعیر بـوون و لە دووتوێی هۆنراوەکانی تـایبەت بەمنداڵان و تـایبەتتر بە قۆنـاغی بـــاخچەی منـــداڵان نووســـیونی لەم هێڵکـــاریەی خـــوارووەدا دەیخەینەڕوو ئەگەرچی بەشـێک لەو بەهایانە بەپێـی سـتانداردە جیهانییەکـان تـایبەتن بە قۆناغەکـانی تـری تەمەنـی منـداڵ و لە بازنەی یەکەمی خوێندندا دەبێت بەیەخیان پێبدرێت.




دواجـــار دەگەیـــنە ئەو بـــڕوایەی کە ئامـــانجی گەورەی پەروەردە گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤە لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی و ئەویـــش لەڕێگـــای کـــاراکردن و چانـــدنی بەهاکـــانەوە چـــونکە (پەروەردە ئەوەیە کە منداڵەکانمـــان فێـــربکەین چـــۆن دەربـــارەی ڕەفتـــاری خـــۆی بـــژاردەی باشـــتر بکـــات کەســـانێکی پابەنـــدبن لەئاست ئەرکەکانیاندا دەربارەی چۆنیەتی ڕەفتارکردن هێزی هەڵبژاردنیـــان هەیە... پەروەردەی منـــداڵ واتە فێربـــوونی

بڕیاردان) (سیڤەر، تەنیا، ٢٠١٥:ل ٢٧) لەبەرئەوەی (مرۆڤ لە ڕێگەی ڕەوشت و ئاکارە بەرز و بەها مەدەنییەکانەوە دەتوانێ مرۆڤ بوونی خۆی بسەلمێنێ و خزمەتێکی شایستە پێشکەش نەوەکانی مرۆڤایەتی بکات و لە سیفەتە ئاژەڵییەکان دووربکەوێتەوە بۆیە پێویستە بەو پەڕی دڵسۆزی و لە خۆ بوردنەوە هەوڵبدرێت ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکان لە ناخی منداڵاندا بڕوێنرێت)(جگەرسۆز،٢٠١٥: ل١٥٩) لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە پەروەردەکاران و سەرکردایەتی دام دەزگا پەروەردەییەکان ئاگاداری پێوەر و ستانداردە جیهانییەکان بن لە دانان و وتنەوەی پڕۆگرامەکان بۆ هەر قۆناغێکی دیاریکراو.

## ئەنجام

١-هۆنراوی منداڵان یەکێکە لەو ڕێگا گرنگ و کاریگەرانەی کە دەکرێت لەڕێیەوە هەوڵی کاراکردنی بەها پەروەردەییەکانی پێبدرێت لای منداڵان بەڕەچاوکردنی قۆناغ و تەمەنی منداڵەکە.

٢-شاعیر لەهۆنراوەکانیدا لای لەچەند بەهایەکی گرنگی پەروەردەیی کردۆتەوە و لەم ڕووەوە دەکرێت بەشێک

لەهۆنراوەکانی وەک پرۆگرامی باخچەی منداڵان سوودیان لێوەربگیرێت.

٣-شاعیر ئاگاداری پێوەرجیهانییەکان نییە بۆ کاراکردنی بەهاکان لای منداڵانی باخچە و بۆیە لەبایەخدانی بۆ بەهاکان جەختی لەچەند بەهایەک کردۆتەوە کە بۆ قۆناغی باخچە نابن و بۆ قۆناغەکانی دواترن.

**سەرچاوەکان:**


١. بابان، ئەحمەد علی حمە و محمد، نازەنین عوسمان و محمد، نەزیرە ساڵح (٢٠١٦). ***کوڵبژێرێک بابەتی پەروەردەیی بۆ قۆناغی پێش چوونە خوێندنگە***، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.

٢. بابان، ئەحمەد علی حمە و محمد، نازەنین عوسمان و ئومێد، ڕێژین (٢٠١٧). **بە کۆمەڵایەتیکردن و گەشەی منداڵ**، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی تاران، تاران.

**٣.** بابـان، ئەحـمەد علـی و محمـد، نـازەنین عوسـمان (٢٠١٩). **ڕێنـامەی پەروەردە وفێرکردنـی سـەرەتایی منـداڵ**، چـاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.

٤. بەرزنجی، عەلی حەمەڕەشید(٢٠٠٧). **کۆڤین و هاوڕێکانی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

٥. بەرزنجی، عەلی حەمەڕەشـید(٢٠١٠). **دیاری**، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٦. بەرزنجی، عەلی حەمەڕەشید(٢٠١٣). **یاری بیرکـاری**، چـاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٧. بەرزنجی، عەلی حەمەڕەشید(٢٠١٩). ***ئاوازی شـادی***، چـاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی.

٨. بەرزنجی، ئەحمەد سەیید عەلی(٢٠١٠). **ئەدەبی منداڵان لە گۆڤاری گەلاوێژدا**، چـاپی یەکەم، دەزگـای چـاپ و پەخشـی سەردەم، سلێمانی

٩. جگەر سۆز، محمد صاڵح پێندرۆیی(٢٠١٥). **ڕۆڵـی خێزان و قوتابخانە لەپەروەردە و فێرکردنـی قوتابییدا**، چـاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆهەڵات، هەولێر.

١٠. حسێن، شیلان عومەر(٢٠١٩).**بنەما پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا**، ناوەندی پرۆگرام و بەرنامەکانی بۆ خوێندنی کوردیی، سلێمانی.

١١. حەمەدەمین، ڕەمەزان(٢٠١٦). **سایکۆلۆژیای منداڵ لەباخچەی منداڵان**، چاپی یەکەم، کتێبخانەی سۆفیا، کۆیە.

١٢. سیڤەر، سال و. تەنیا، جەبار(٢٠١٥). **چۆن لەگەڵ منداڵەکە ڕەفتار بکەم**، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی.

١٣. شوانی، نێچیروان(٢٠١٨). **حەزی ئەدەبی لای منداڵان**، گۆڤاری ژیار، ژمارە (٢٧)، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٤. فیۆنا شێڵتۆن و سیمۆن براونهێڵ(٢٠١٨). **پیادەکردنی هەڵسوکەوتی کاریگەر لە قۆناغی بنەڕەتی**: و.بەرزنجی، حەسەن ڕەشید، چاپی یەکەم، چوارچرا، سلێمانی.

١٥. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (٢٠١٦). **سایکۆلۆژیای گەشە (قۆناغی منداڵی)**، چاپی دووەم، پیرەمێرد، سلێمانی.

١٦. محمد، شیرین صالح (٢٠١٦). **بەها لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتیدا**، توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی پرۆگرامەکان هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٧. نصرالدين، کمال فارووق(٢٠١٥). **سایکۆلۆژیای منداڵ بۆ دایک و باوک**، چاپی یەکەم، کتێبخانەی فێربوون، هەولێر.

١٨. هاوس، گلێن ستێن، و.مەجیدی، عەلی ئەکبەر(٢٠٠٩). **کلیلی پەروەردەی منداڵان**، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٩. ئالانی، عەزیز (٢٠١٥). **پەروەردەکردنی منداڵەکانمان**، چاپی سێیەم، چوارچرا، سلێمانی.

٢٠. ضيف الله, ناجي زامل و اخرون (٢٠١٦). **دليل معلمة رياض الأطفال** " لمشروع القيم التربوية لمستوى الثاني", وزارة التريبة دولة الكويت, كويت.

٢١. **وثيقة معايير رياض الاطفال (٢٠١٠-٢٠٢٠)**, وزارة التربية والتعليم الامارات العربية المتحدة, الامارات العربية المتحدة

## توێژینەوەی دووەم

(چەسپاندنی بەهاکان لای منداڵان لەهۆنراوەی کوردی و فارسیدا )

کتێبی بازنەی یەکەمی خوێندن وەک نموونە

# تێبینی

لە سێیەمین کۆنفرانسی زانستی نێو دەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی، نێوان زانکۆی سەڵاحەین و زانکۆی زەهرا- ئێران

(٢٠-٢٢- تشرینی یەکەمی ٢٠١٩) پێشکەشکراوە

**پوختە**

پەروەردەکاران ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ پەروەدەکردنی منداڵان، ئەگەر لە کۆندا چیرۆکەکانی گوێ ئاگردان و یارییەکانی منداڵان لەپاڵ بەخشینی چێژ و خۆشیدا ڕێگایەک بووبن بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و لە ڕێیەوە هەوڵی بنیادنانی کەسایەتییان درابێت ئەوا لە قۆناغی دواتر ژانرەکانی تری ئەدەب و بەدیاریکراوی هۆنراوەی منداڵان دەبێتە یەکێک لەو ڕێگا گرنگ و کاریگەرانەی، کە لەڕێیەوە هەوڵی چەسپاندنی بەها پەروەردەیی و ڕەوشتییەکانی پێ دەدرێت لە منداڵاندا. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی بەراوردکردنی هۆنراوە کوردی و فارسییەکانی منداڵان لەهەردوو پرۆگرامی خوێندنی بازنەی یەکەمی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران دەدەین، ڕادەی بایەخ دان و فەرامۆشکردنی بەها پەروەردەی و ڕەوشتییەکان لە ڕێی هۆنراوەوە لەم دوو پرۆگرامەدا دەخەینە ڕوو،ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە شیکاری بەراوردکارییە، بەچەند تەوەرێک پێناسەی بەهاکان و پرۆگرام و جۆرەکانی بەها دەکەین، دواتر باس لەهۆنراوەی منداڵان وتایبەتمەندییەکانی وپەیوەندی لەگەڵ بەهاکان و ڕۆڵی لەچەسپاندنی بەها پەروەردەیی و ڕەوشتییەکاندا دەخەینەڕوو،لە پاشاندا کتێبی

پرۆگرامــی بــازنەی یەکەمــی خوێنــدنی هەرێمــی کوردســتان و وڵاتــی ئێــران بەراورد دەکەیــن، کە لەڕێــی هــۆنراوەوە چــۆن کاریان کردوە،چییان کردوە،چۆن هۆنراوەکانیان هەڵبژاردوە،بۆ چەسپاندنی ئەو بەهـاپەروەردەیی و ڕەوشـتییانەی کە پێویسـتە لەنــاو منداڵانــدا پەرەی پــێ بدرێت،لەکۆتاییــدا بەچەنــد خاڵێــک ئەنجـــــامی لێکــــۆڵینەوەکە دەخەیـــــنەڕوو لەگەڵ کــــــورتەی لێکۆڵینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی.

کلیلی وشەکان : بەها ، هۆنراوە ، پرۆگرام ، منداڵ، چەسپاندنی بەها

**پێشەکی**

یەکێک لە قەیرانەکانی پەروەردەو خوێندنی ئەمڕۆمان قەیرانی بەهایە،هەموو گلەیی دەکەین کە منداڵەکانمان ، نەوەی نوێ گوێ بەبەها ڕەوشتی و پەروەردەییەکان نادەن ، پابەند نین بە دابونەریت وکلتورە نەتەوەیی وکۆمەڵایەتییەکانەوە ،ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایی و جۆراوجۆرانەی بەسەر جیهاندا دێت، کە بۆتە هۆی ململانێی نێوان بەهاکان،بەجۆرێک کە ئایا کار بە بەها ئەسڵی و بۆماوەیی و کلتورییەکان بکەین یان ئەوانەی لە کۆمەڵگاکانی ترەوە دێن؟؟! ڕاستە هەموو کۆمەڵگا بەرپرسیارن لەم قەیرانە ،بەڵام سەرەتا دەبێت پەروەردەکاران ڕێنیشاندەربن،ئەوانیش پێویستە لە منداڵەوە دەستپێبکەن ،لەئەرکە سەرەکییەکانی پەروەردەکاران چەسپاندنی بەهاکانە لای منداڵ، ئەمەش لە ڕێگای قوتابخانە و پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی دەدرێت، شان بەشانی ئەوەش دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایانەش بەچاوی خۆیان لە ئێمەدا ببین.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە**

لەم لێکـــۆڵینەوەیەدا ڕێبـــازی شـــیکاری بەراوردکـــاریی مـــان پەیڕەوکردوە ،بۆ سـەرژمێری هۆنراوەکانیش شێوازی ئاماری مان بەکارهێناوە.

**- بەهاکان و هۆنراوە، پەیوەندییان لەگەڵ یەکدیدا**

**١-١ پێناسەی بەهاکان**

بەهـــا: کۆمەڵێـــک بنەمـــا و پێـــوەری بـــاڵایە، تـــاک لە ڕێـــگەی پەروەردەوە وەریــــــــان دەگرێــــــــت، ئاڕاســــــــتەکار و ڕێپیشـــاندەری هەمـــوو کارەکـــانی مـــرۆڤە، بەهـــۆیەوە تـــاک پێـــوانەیەک وەردەگرێـــت بـــۆ بڕیـــاردان بەســـەر ڕەفتـــاری تاکەکـــانی تردا.(الخزرجـــی٢٠١٣،ص.٦ )یـــان دەوترێـــت: بـــریتییە لەو بـــۆ چوونـــانەی بەتـــاک دەڵـــێن چ شـــتێک درووســـتە و چ شـــتێک نادرووســـتە واتە پێـــوەرێکن بـــۆ دادوەری کردن(ئامێـــدیان٢٠١٣،ل.١١٧) ، بـــۆیە دەکـــرێ بڵێـــین بەهاکـــان بـــریتین لە کـــۆمەڵێ پێـــوەر و بنەمـــا یـــان ڕێکخســـتن و ڕێکـــاری ڕەفتـــاری کەمـــرۆڤ دەیـــان گـــرێتە بەر، بەپێـــی ڕێککەوتنـــی کـــۆمەڵایەتی و بیروبـــاوەڕی مرۆڤـــایەتی هـــاتوونەتە دی و لەڕێـــگەی پرۆســـەی پەروەردە

و خیـــزان و دەزگاکـــانی تـــری هاوشـــێوەیان دەگـــوێزرێنەوە بـــۆ نەوەکـــانی تـــر و هەوڵـــی چەســـپاندن و هینـــانە دییـــان دەدەرێت.

### ١-٢ پرۆگرام

پرۆگـــرام هەمـــوو ئەزمـــوونێکی قوتابخـــانەیە، کە پەیوەنـــدی بەگەشـــەکردنی لێهـــاتوویی، ســـتراتیژی بیرکـــردنەوە و داهێنـــان، چارەسەری کێشە، بەکارەکی فێربوون لە خۆدەگرێت، هەروەهـا هەمـــوو ئەو کۆزانیـــاریی، بەهـــا و ڕەفتارانەیشـــە، کەبونیـــادی پەرەپێدانی کەسێتی تاک پێک دەهێنن (حسێن٢٠١٠،ل.٢٣) لەم نێوەندەشـــدا (کتێبەکـــانی خوێنـــدن بەیەکێـــک لە گرنگتـــرین ســـەرچاوە ســـەرەکییەکان دادەنـــرێن کە قوتـــابی ســـوودی لـــێ وەردەگرێت لەوەرگرتنی ڕۆشـنبیری و بەهـادا)( محمـد٢٠١٦،ل ٥٧.) بۆیە زانایان گرنگی زۆر بەپرۆگرام دەدەن بەتایبەتی بۆ قۆناغەکانی بنەڕەتی کە منداڵ لەو تەمەندا هەموو ئەندامەکانی ،هەست ونەستی ، ئامادەیە بۆ چالاکی و کار ، پڕ وزە وتوانا وهێـــزە ، کەواتە دەبێـــت مامۆســـتا و دەوروبەر ســـودی لـــێ وەربگرێت بۆ بەگەڕخستنی بەهاپەروەردەیی و ڕەوشتییەکان،

هەربۆیەش ئەرکەکانی پرۆگرامی خوێندن چڕدەکرێنەوە لە چاندنی بەها باڵاکان و ناسنامەی نەتەوایەتی.

### ١-٣ پۆلێنەکانی بەهاوجۆرەکانی

لەبەر ئەوەی بەها هەموو بوارو لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەگەرێتەوە ، بۆیە بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی جۆرەکانی بەها دابەشکردنێکی گشتگیرو یەکگرتووی تەواومان نییە، هەر لێکۆڵەرێک بەجۆرو شێوازێک ، بەپێی بنەماو پێوەری جۆراوجۆر ، جۆرەکانی بەهایان دیاری کردوە،لەوانە:

١-لەسەر بنەمای (المحتوی)ناوەرۆک، جۆرەکانی(بەهای ئایینی، کۆمەلایەتی،سیاسی،جوانی وهونەری ، ئابوری...)

٢- لەسەر بنەمای (شدة) قورسی وتوندی بەهاکە وەک: (بەهائیلزامی، ئارەزوومەندانە)

٣-لەسەر بنەمای (القصد) مەبەست وەک: (ئامانجدار، هۆکار)

٤)لەسەربنەمای (العمومیة)گشتگیری وەک: (گشتی کە بۆ هەموو کۆمەڵگایە، تایبەتی کە تایبەتە بە بۆنەیەک یان داب ونەریتێکی کۆمەلایەتی.

٥-لەسەر بنەمای (وضوح) ڕوونی وئاشکرا وەک:( بەهای ڕوون ودیار ، بەهای ناڕاستەوخۆ وپەنهانی.)

٦- لەسەر بنەمای (الدوام) بەردەوامی ومانەوە وەک : (بەهای جێگیروچەسپاو ، بەهای جوولاو و گۆڕاو)(المعایطة٢٠٠٠،ص١٨٧) .

دابەشکردنێکی تر بۆ بەهاکان بەشێوازی کۆمەڵە بەمجۆرەیە : (کۆمەڵەی بەها کۆمەلایەتیەکان، کۆمەڵەی بەها ئاکارییەکان، کۆمەڵەی بەهانیشتیمانی ونەتەوەییەکان، کۆمەڵەی بەها جەستەییەکان،کۆمەڵەی بەهاڕاحەتییەکان، کۆمەڵەی بەهاکانی تەواوکەری کەسایەتی، کۆمەڵەی بەها زانستییەکان، کۆمەڵەی بەهای کاری ئابوری ) (فەرهادی٢٠١٠،ص١٠٧ )ئێمە پێمان وایە لە هەڵبژاردنی بەهاکان بۆ قۆناغەکانی بنەڕەتی پێویستە ڕەچاوی هەموو ئەو بنەمایانە بکرێت ، بەواتایەکی تر دەبێت بیر لەوەبکرێتەوە ئەو بەهایەی دەمانەوێت لە خوێندکاردا بیچێنین ، ناوەرۆکەکەی باسی چی دەکات ، تاچەند پێویستە لەم قۆناغەدا، لەو بەهایانەیە کە ئیلزامی یە چونکە لەوانەیە بۆ ئەم قۆناغە پێویست نەکات ،لەوجۆرەیە کە هەمیشەیی ونەگۆڕێ ، ئامانجدارە یان هۆکاری یە،....هتد.

## ١-٤ گرنگی بەهاکان، ڕۆڵی پەروەردە:

بەهاکـان بە گرنگتـرین بنەمـای کلتـوری دانـراون لەبەرئەوەی: یەکەم (دەچـــنە ژیـــانی تـــاکەوە و دواتـــر کۆمەڵیشـــەوە، ئەم تێبینیکراوە وەهایکردووە، کە جێگەی لێکۆڵینەوە و گرنگیپێدانی ژیربێژ، زانایان و بیرمەندان بێت، هەربەهۆی ئەم خاڵەیشـەوە مـرۆڤ لایەنـداری، شـوناس، خـودێتی نەتەوەیـی خـۆی پـتەو دەکات) (حسین٢٠١٥، ل.١٩) دووەم (گرنگی بەهـا لەوەدایە، کە بەپایەیەکی کارەکی پەروەردە دادەنرێت، لەبەرئەوەی گرنگترین ئامانجی پەروەردە و فێرکردن، فیرکاری و فێربوونی بەهـایە- ئاشـکرایە ، کە چنـراوی بەهـایی لە بنەمـا بنەڕەتییەکـانی کـاری پەروەردەیین و لەمیشەوە سیستمی پەروەردەیی هەر کۆمەڵێک ڕۆڵێکـی کـارا لەبنیاتنـانی بەهـای ئەرێنـی و لابردنـی بەهـا نەرێنییەکان لە ژیریی و ڕەفتاری تاکدا دەگێڕێت) (حسێن٢٠١٥، ل.١٩) هەمـوو ئەمـانەش لە ڕێـگەی پەروەردە و ناوەنـدەکانی خوێندنەوە دەبێت (واتە پەروەردە ئەو ڕێگا گونجاو و گرنگەیە، کە بەهاکـان لەنـاخی تاکەکانـدا جێگیـر دەکـات و لەنەوەیەکەوە دەیگوازێتەوە بۆ نەوەیەکی تر و کاردانەوەی بەسـەر ڕەفتار و ئاکاریانـدا دەبێـت و دەبـنە پـاڵنەرێکی بەهێـز بـۆ ڕەفتـار و هەڵسوکەوتی درووست) (محمد٢٠١٦، ل.٦٠)هەر لەناوەندی ئەم

پرۆسەیەشـــەوە دەبینــین، کە (پەروەردەکـردن و وەبەرهێنــانی تـــــاکیش پەیوەســــــتە بە پەرەپێـــــدانی لێهاتووییەکــــــانی هەرنەتەوەیەکەوە، کە خـۆی لە بەهــا باڵاکــان، داب و نەریــت، کلتــور، دنیــابینی، ئەزمــوون، تێـڕوانین لەژیــان و دەورووبەری ...هتـد دەبینێـتەوە) (حسـێن٢٠١٥، ل.٢٠) لە بەر هەمـوو ئەم گرنگـی و بـایەخەیە، کە دەبینـین ( بەهاکـان شـوێنێکی دیـار و گەورە لە نێـــوان ڕەگەزەکـــانی ڕۆشـــنبیری داگیـــردەکەن، پەیوەندییەکی پتەویان بە کەسێتی مرۆڤەوە هەیە، لە هەمانکاتدا پەیوەنـــدییەکی پــــتەو و پــــێکەوە بەســــتراوییان هەیە لەگەڵ پەروەردەدا، ئەمەش لە ڕێـگەی پرۆگرامەکـانەوەیە، کە یەکـێکە لەو هۆکـارە سـەرەکییانەی قوتابخـانە لەگەشـەپێدان و چانـدنی بەهاکـــــان پشـــــتی پێدەبەســــتێ)(طموس٢٠٠٢،ص.٤٠)کەواتە پەروەردە بەگشتی و پرۆگرامەکان بەتایبەتی یەکێکن لەهۆکـارە سـەرەکیەکانی گەیانــدن و چەســپاندنی بەهاکــان بە منـداڵان.

## ٥-١ پەیوەندی نێوان بەهاکان و هۆنراوە:

هەموو ئەمانەی خستمانە ڕوو مەبەستمان کارکردنە لە ڕادەی بـایەخ دان چانـدنی ئەم بەهایـانە لە ڕێــی هــۆنراوەوە لە دوو زمانی جیاوازدا لەقۆنـاغێکی سـەرەتایی خوێندندا کە کەتەمەنی (٦-٩) ساڵییە و بە بازنەی یەکەمی خوێندن ئەژمار دەکرێت لە

پۆلی یەکەمی بنەڕەتی تا سێیەمی بنەڕەتی ئەم قۆناغە بە (قۆناغی چاوکردنەوە و پرسکردن لە هەموو شتێ) (بەرزنجی٢٠١٠، ل.١٠) ناودەبرێ، یان بە(قۆناغی ئەندێشەی ئازاد دادەنرێت، کە ...منداڵ لە سنوری ژینگە هەستپێکراوەکەی دەردەچێت و حەزدەکات زانیاری لەبارەی شتە نائاساییەکان دەستبخات، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەش گەشەکردنی ویژدانە و حەزی دۆزینەوە و شیکردنەوەی وێنەکانە) (قەرەنی٢٠٠٧،ل.١٨١). بۆیە پێویستە زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵان بکەین لەم تەمەنەدا چونکە، (لەم قۆناغەدا کارامەیی و توانای منداڵ بۆ ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر بەردەوام گەشەدەکات، هەروەها بەپێی تواناکانی بەشداری چالاکیەکان دەکات ، بەو پێیە دەبێتە کەسێکی بەرهەمهێن، بەواتایەکی دیکە ئەگەر منداڵ لەخوێندن و چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی سەرکەوتوو بوو، ئەوە زیاتر هەست بەتوانایی و داهێنان دەکات) (حەمەدەمین٢٠١٦،ل.٥٧) هەر لێرەیشەوە گرنگی و ڕۆڵی قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن و کاریگەرییان بەسەر منداڵەوە دەست پێدەکات لەبەرئەوەی (لەماوەی سالانی (٦-١٢) کارامەییە ئەقڵییەکان زۆر بەخێرایی گەشەدەکەن، باگراوندی ئەو گەشە و جووڵە

خێـــرایەی لە ئەقڵـــی منـــداڵ ڕوو دەدات، لەژێـــر ڕۆشـــنایی وروژێـنەری ژیـنگە و قوتابخـانە و ئەزمـوونی ژیـانی ڕۆژانە بەرجەســـــــتە دەبێـــــــت) (حەمەدەمـــــــــین٢٠١٦،ل ١٠١.)

هەرچـی پەیوەسـتە بەئەدەبەوە بەسروشـتی خـۆی پەیوەنـدی لەگەڵ نـاخ و نـاوەوەی مرۆڤـدایە، وە ئاڕاسـتەی پەیـامی لەوە، (منداڵیش بەسروشتی خۆی و بەگوێرەی بچوکی تەمەن و کەم ئەزموونی لەژیاندا، خاوەنی هەستێکی ناسک و دڵێکی پاک و دەروونێکی بێگەردە، بۆیە ئەدەب دەتوانێ بەشێوەیەکی کاراو کـاریگەر بەســەر منـداڵەوە کـاریگەر بـێ، ڕێنمـایی پێبـدا و ئاڕاسـتەی بکـا، بەڵام دەبێت بەوریـاییەوە ئەدەب مـامەڵە لەگەڵ منداڵ بکا، نابێت ئەو ئەدەبە منداڵ بەشێوەیەک ئاڕاستەبکا کە گـۆمی بیـری لـیخن بکـات) (شـوانی:٢٠١٨، ل ٣٦) هەر ئەمەش وایکـرد ئەدەبێـک بێـتە کـایەوە بەنـاوی ئەدەبـی منـداڵان و سـەرەتاکەی بـۆ دەسـتپێکی ژیـانی مرۆڤـایەتی دەگەڕێـتەوە لە لایەلایەی دایــک بـــۆ کـــۆرپەکەی دەســـتثیدەکات و ئەوەی بەشـــێوەی نووســـراوێش هەیە ســـەرتاکەی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ (هەکایەتەکانی ئیسۆپ (١٤٧٥-١٤٨٠) و دواتر ژان دی لاوەنتین (١٦٢١-١٦٩٥) و ئەو لێشـــاوە چیـــرۆک و شـــیعرانەی کە لە چەرخی هەژدە و پێشتر لەسـەر لاپەرەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان

وولاوکـــــــــراونەتەوە) (بەرزنجــــــــی ٢٠١٠،ل.١٢) ئەوەی کە لەپڕۆگرامەکــانی خوێنــدنی زمــانی (کــوردی و فارســی) ئەم قۆناغەدا دەبینرێ و دەچێتە ژێر چەتری ژانرە ئەدەبییەکانەوە زیاتر بابەتەکانی چیرۆک و هۆنراوەیە، کە ئێمە زیاتر جەخت لەسـەر هـۆنراوە دەکەینەوە، بەپێیەی دەکرێت لە هۆنراوەکـان (بـانکی وشـەکاری دروستبکەین، منداڵان وشـەکان دەربهێنن و وشــەکان هانیـان بـدەن بـۆ بیرکـردنەوە، کە چـۆن ئەم وشـانە ئەگەڕێتەوە بۆ سروشت و هەڵسوکەوت و کردارەکانی خۆیـان بەئاراستەی یەکتری) (فیۆنـا٢٠١٨،ل.٢٠٩) بەڵام گـرنگە و جێی بایەخە، کە هۆنراوەکان بەشێوەیەکی سادەبخرێنە ڕوو، پێوستە ئـاوێتەبکرێ لەگەڵ مۆسـیقا و بەشـێوەی گـۆرانی بەمنـداڵەکان بـوترێتەوە، چـونکە (لەڕێگەی چاالکی و گۆرانیەکـانەوە منـداڵ وشـەکان دەڵێتەوە بەمەش فێری دەنگ و وشـەی جیاواز دەبـن، چەمکی نـوێ فێـردەبن، چـاالکییە مۆسـیقییەکان یـارمەتی منـداڵ دەدات بـــۆ (گەشـــــەکردن و بەئاگـــــابوون و تێگەشـــــتن) (بابـان٢٠١٩،ل.٢٧) گرنگـی ئەم جـۆرە لەخسـتەڕووی هـۆنراوە بۆمنــداڵ لەوەدایە لەتەک شــیکردنەوە و هەوڵــی چەســپاندنی بەهاکـان (منـداڵ کاتێـک وشــەکان دەکـاتە گـۆرانی، دەتوانێـت گـۆرانی و ئـاواز فێربێت، جەسـتەیان گەشـەدەکات، لەرێـگەی

جوڵە لەسەرئاوازی مۆسیقا و ژەنینی ئامێرەکان، هاوکاریان دەبێت بۆ درووستکردنی چەمکی باش و ئەرێنی لەسەر خودی خۆیان، ناسینی ڕۆشنبیری و لێهاتوویی نوێ، زیاتر خۆیان خۆش دەوێت، زیاتر لەهەستەکانی خۆیان تێدەگەن و دەتوانن دەریببڕن) (بابان: ٢٠١٩،ل.٢٧) ئەم دەربڕین و خستنە ڕووەی هۆنراوەکان ئەگەر بەشێوەی گۆرانی بوو کاریگەری زیاتری دەبێت و خۆئەگەر لەتەک گۆرانیدا موزیک هەبێ و هاوکاربێ کاریگەرییەکە زۆر زیاتر دەبێت، بەو پێیەی (مۆزیک ئەتوانرێت بەچەند ڕێگایەک بەکار بهێنرێت بۆ بەتواناکردنی منداڵان بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی باش بکەن و هەڵسوکەوتی خۆیان بەهەند وەربگرن، کە پەیوەندی بەسروشتی خۆیانەوە هەیە، هەروەها ئەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ درووستکردنی کەشێکی لەبار لەناو پۆلدا، کە تۆ بەگونجاوی دەزانی بۆ پێدانی چالاکییەک) (فیونا٢٠١٨،ل. ٢١٨) مۆسیقا و گۆرانی بۆکۆمەڵێک ئامانج بەکار دەهێنرێت لەوانە: (وزەی زیاد بەتاڵ دەکاتەوەو تورەیی هێوردەکاتەوە، وادەکات فێربوون چێژ بەخش بێت، بەکاردەهێنرێت بۆ دەربڕینی هەستەکان لەڕێگای سەما و جوڵە و گۆرانی گوتنەوە، ژینگەیەکی تێگەیشتن بۆ هەندێک کلتوری جیاواز لای منداڵ درووستدەکات) (بابان و محمد ٢٠١٩، ل.

٢٦) بۆئەوە قۆناغ بەندییەکە تەواو کەین کاتێک هۆنراوە دەکەین بە گۆرانی و گۆرانی ئاوێتە دەگەین لەگەڵ مۆسیقا چێژێکی زیاتر و کاریگەری زۆرتری دەبێت بەڵام ئەگەر هەنگاوێکی تر بایەخدانەکانمان زیاتر کەین سەکۆی شانۆ لەگەڵیدا بەکار بهێنین و منداڵان سەما بکەن لەتەک ئاواز و گۆرانییەکەدا ئەوا کاریگەرییەکە زۆر باش ڕەنگدانەوەی دەبێت، چونکە (سەما ئەتوانرێت دابنرێت بۆ یارمەتی دانی منداڵان بۆ تێگەیشتن، کە چۆن جەستە و مێشکیان وەڵام ئەدەنەوە بۆ مۆزیک و سۆز و دۆخەکان، سەما ئەتوانێت سەرقاڵیان بکات لە پرۆسەیەکی بەهێزدا، بەتوانایان دەکات بۆ پەرەپێدانی کۆنترۆڵ کردن) (فیونا ٢٠١٨، ل.٢٢٨) بەپێی توێژینەوەکان سەلمێنراوە، کە (ئەو منداڵانەی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا باوەڕییان بەخۆیان نییە، بە چالاکی لەشانۆی قوتابخانە و کاروباری شانۆیی دا دەتوانن دەرفەتی فێربوونی توانا نوێکان بەشێوەی دڵنیا و چێژبەخش لە شوێنی ڕکابەریدا بەدەست بێنن، مامۆستای شانۆ هەندی ڕاهێنان بە منداڵان دەکات ، کە لەڕێگای ڕۆڵ گێران لەسەر شانۆ، خۆباوەڕی زیاتر پەیدا بکەن) (هاوس٢٠١٩،ل.١٩٥) هەموو ئەمانە متمانەی ئێمە بە ناوەندەکانی خوێندن پتەو تردەکەن و دەرخەری ئەو ڕاستییەن

کە ناوەنـدی پەورەردەیـی دەتوانێـت ڕۆڵـی گرنـگ و گەورەی هەبێـت لە نـاو دەزگـا و ناوەنـدە پەورەردەییەکـانیش دەکرێـت هـۆنراوە یەکێـک بێـت لەو ڕێگـا گرنـگ و پڕبایەخـانەی کە لەڕێیەوە بتـوانین بەهاکـانی پێ بچەسـپێنین هەر دوو دەزگـای خێـزان و قوتابخـانە گرنگتـرینن، ( لە کلتـوری ڕۆژئاواشـدا قوتابخـانە و خێـزان زیـاترین کاریگەرییـان لەسـەر پێکهـاتن و گەشـەی متمـانە بەخۆبـوونی منـدالان هەیە، لەنێو ئەم دووانەدا خێزان بنەڕەتیتر و بەهێزترە، بەلام هاوکات لەگەڵ گەشـەکردن و گەورەبـوونی منـدالان، قوتابخـانە گرنگییەکـی زیـاتر پەیـدا دەکات) (هاوس٢٠٠٩،ل. ١١٩) بۆیە کۆدەنگی تەواو هەیە لەسەر بـایەخ و گرنگی ناوەند و دەزگـای پەروەردەیی و (دەوڵەتـان... لەسـەر ئەو بـاوەڕەن ئەگەر فێربـوون پەرەبسـتێنێت هەمـوو کۆمەڵگا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دێنێت، چونکە فێربوون و سـەرکەوتنی کـۆمەڵگە، پەیوەنـدی نزیکیـان پـێکەوە هەیە) (هـاوس٢٠٠٩،ل. ١٢٠) لێـرەوە دەچینـەوە سـەر ئەو پێناسـەیەی جۆن دیۆی بۆ پەروەردە کە دەڵێت: ( پەروەردە ژیانە، چونکە کەسـایەتی تـاک یـان قوتـابی پێدەگەیەنێ، بۆ ئەوەی بەهرەکـان بکـرێنەوە و توانسـتەکان دەربـکەون) (جگەرسـۆز٢٠١٥،ل. ١٠) یەکێـک لە ئامانجەکـانی خێـزان و ناوەنـدی پەروەدەیـی و

قوتابخانەکان دروستکردنی تاکێکی پێگەیشتووی کۆمەڵایەتییە، لەبەرئەوەی (پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بریتییە لەتوانای دەربڕینی هەست و سۆزی خۆشەویستی بۆ کەسانی دیکە) (حەمەدەمین٢٠١٦،ل. ١١٤) لەم ڕووە وە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ ئەم لایەنە تەرخانکردووە.

**٢-چەسپاندنی بەهاکان لای منداڵان لەهۆنراوەی کوردی و فارسیدا :**

**کتێبی بازنەی یەکەمی خوێندن وەک نموونە:**

**٢-١ بەراوردی کتێبی بازنەی یەکەمی خوێندنی هەرێمی کوردستان و وڵاتی ئێران**

بەوپێیەی هۆنراوە یەکێکە لەهونەرە ئەدەبییە خۆشەویستەکان لای منداڵ ، هۆکاری ئەم حەزو خۆشەویستییەش ئەو ریتم و مۆسیقا وئاوازە خۆشەیە ، لەگەڵ وشەی کورت و پوخت و دووبارەکراو تیهەڵکێش کراون ، کار لە هەست ونەستی منداڵ دەکات و بیروهزری دەخاتە جوڵە و سەما ، بەخۆشی وتامەزرۆییەوە وشەکانی دەڵێتەوە، بۆیە دەتوانین سود لەم هونەرەئەدەبییە وەربگرین بۆ چەسپاندنی بەهاپەروەردەیی و ڕەوشتییەکان، جونکە کاتێ منداڵ بەتەنیا یان بەکۆمەڵ هۆنراوەیەک دەڵێنەوە بەتایبەتی کە پێشتر مامۆستاکە هەندێ

زانیـاری و ڕوونکـردنەوەی دەربـارەی بـابەتەکە پـێ وتـبن، لە ئەنجامی زۆر دوبارەکردنەوەی لەگەڵ جۆرەئاوازێکدا ( درک بە گرنگی و پێویستی ئەو بابەتە دەکات ، کار لە هەستی دەکات و بیروئـاوەزی دەجـوڵێنێ وزۆر بەخێرایـی بەهـا و بیرۆکەکـان وەردەگرێـــت، بەئاســـانی لە چەمـــک و مەبەســـتەکان تـــێ دەگـات)(ابراهیم١٩٦٨،ص.٢٣٠)کەواتە بـۆ ئەوەی پرۆگرامێکـی بەهێزی خوێندنمان هەبێت تا پرۆسـەی فێربوون و فێرکردن بەباشی بەڕێوەبچێت ،دەبێت گرنگییەکی زۆر بەهۆنراوە بدرێت لە قۆنـــاغی بنەڕەتیـــدا بەتـــایبەتی بـــازنەی یەکەم ، کە ئەمە مەبەسـت و ئیشـەکەی ئێمەیە ، هـاتووین دوا چاپی پرۆگرامـی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی بازنەی یەکەم(٣،٢،١) وانەی کوردی لەهەرێمـی کوردسـتان چاپی(٢٠١٤) و وانەی فارسـی لە وڵاتـی ئێـران چـاپی(٢٠١٧)بەراورد دەکەیـن ، لە ڕووی چـۆنیەتی و چەندێتی بەکارهێنانی هۆنراوە بۆ چەسپاندنی بەها پەروەردەیی و ڕەوشـتییەکان، سـەرەتا بەپێـی ئەو پێـوەرە جیهـانییەی کە دانـراوە بـۆ نـاوەڕۆکە ڕەوشـتییەکان بـۆ قۆنـاغی بنەرەتـی( حســـێن٢١٥،ل.٢٢)، هۆنراوەکـــانی نـــاو کتێبەکـــانی هەردوو پرۆگرامەکە پۆلێن دەکەیـن وشیکردنەوەو ڕوونکردنەوەیـان لە بارەوە دەدەین ، کە ئەمە دەچێتە خانەی ناوەڕۆکەوە ، دواتر لە

ڕووی ڕوخسارەوە بەراوردیان دەکەین و انجا بەخشتەیەک سەرژمێری هۆنراوەکانی ناو هەردوو پرۆگرامە دەکەین بەراوردیان دەکەین بەیەکتر ودواتر بەراوردیان دەکەین بە بابەتەکانی تر ناو پرۆگرامەکان.

**٢-٢ لەڕووی ناوەڕۆکەوە**

بەشێوەیەکی گشتی جۆری بەهاکان لەڕووی ناوەرۆکەوە ئەمانەیە: کۆمەلآیەتی، ئاینی ،مەعریفی وزانستی،نیشتمانی ونەتەوەیی ، جوانی ورەوشتی ، ئابووری . بەلآم ئێمە پێوەرێکی جیهانیمان وەرگرتوە وبەپێی ئەوە پۆلێنیان دەکەین.

خشتەی ژمارە یەک(١)

بەپێی ئەو پێوەرە جیهانییەی کە دانراوە بۆ ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکان

پۆلی یەکەمی بنەڕەتی (١٢) ناوەڕۆکە

| ژ | ناوەڕۆکی بەهاکان | ولآتی ئێران | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕێزگرتنی دایک وباوک | خدای مهربان ل٤، مهربان تر آز مارد ل٣٣ | ________ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | گوێڕایەڵی دایک وباوک | ______ | ______ |
| ٣ | ڕێزگرتنی گەورە | ______ | ______ |
| ٤ | پاکوخاوێنی | شادیم وپاک و خندان ل١١١ | پاکوخاوێنی ژینگە ل٤٦ |
| ٥ | ڕێزگرتنـــــــی بەرامبەر | ______ | ______ |
| ٦ | نرخاندنی زانست | راه مدرسه ل١١ | پەرتوک ل٥،پێنوس ل٥٩،ئیک ودوول٧٧ |
| ٧ | ئادابی ڕۆیشتن | ______ | ______ |
| ٨ | سڵاوکردن | ______ | بلێن بەڵێ ل١٠٣ |
| ٩ | ڕاستگۆیی | ______ | ______ |
| ١٠ | مامەڵەی جوان | ما کودکانیم ل٦٤ | ______ |
| ١١ | ئەمانەتپارێزی | ______ | ______ |
| ١٢ | هاوڕێیەتی | ______ | هاوڕێیەتی سمۆرە ل١٧،پەپولەل١٣٥ |
| | کۆ | ٤ بەها | ٤ بەها |

وەک دەبینین لە ئەو بەهایانەی دیاریکراوە لە قۆناغی یەکەمدا هەبێت (١٢) بەهایە ، لەپرۆگرامی وڵاتی ئێران و هەرێمی کوردستانیش لەڕێی هۆنراوەوە تەنیا گرنگیان بە (٤) بەها داوە وباسیان کردوە ، ئەوانەی تریان باس نەکردوە ، هەرچەندە ئەو چوار بەهایەش لە جۆردا وەکو یەک نین بۆ نمونە ئەو بەهایانەی لەهەرێمی کوردستان باسکراو (پاکوخاوێنی، نرخاندنی زانست،سڵاوکردن،هاوڕێیەتی) بەڵام لە پرۆگرامی وڵاتی ئێران(ڕیزگرتنی دایک وباوک ، پاکوخاوێنی،نرخاندنی زانست،گوێڕایەڵی )ە،ئەمە شتێکی باشە بەڵام ،بەهای زۆر گرنگتریش هەبوو وەک (ڕاستگۆیی،ئەمانەت پارێزی) کە دەبوو لەڕێی هۆنراوەوە لە ڕەوشت وبیر وهزری منداڵدا بچەسپێنرێت، کەچی باسنەکراوە ، لەبەرامبەردا باسی هەندێ بەهای تر کراوە کە بەپێی ئەو خشتەجیهانییەی دابەشکردنی بەهاکان بێت دەبێت لە قۆناغەکانی تردا بخوێنرێن ، بۆ نمونە : خۆشەویستی زمان کە لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی هەرێمی کوردستان هۆنراوەی (زمانێ کوردی ل٣٧) هەیە کە دەبوو لە قۆناغی دووەمدا بخوێنرێت، یان بەهای خۆشەویستی نیشتیمان کە لەپرۆگرامی قۆناغی یەکەمی وڵاتی ئێران زۆر گرنگی پێدراوە لە هۆنراوەکانی (ای ایران ل٤٦، جشن بهمن ل١٠٠) کە

دەبوو لە قۆناغی دووەمدا بخوێنرێت، لەڕووی ناوەرۆکەوە ئەو چوار بەهایەی بەهۆنراوە باسکراوە دەچنە خانەی بەهای (ڕەوشتی ، زانستی ،کۆمەڵایەتییە) ئیتر جۆرەکانی تری بەها یان باس نەکردوە،وەک بەهای ئایینی یان بەهای ئابوری و ئابوریکردن، کە لەوانەیە لە پرۆگرامەکەدا لەڕێی بەسەرهاتێک یان چیرۆکێکەوە باسکرابێت ، بەڵام بەهۆنراوە لەهیچ پرۆگرامێکیاندا باس نەکراوە، کە دەبوو لەم قۆناغەدا زۆربەی بەهاکان بەلایەنی کەمەوە لەسەدا شەستییان لەڕێی هۆنراوە وە بخرێنەڕوو، چونکە وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد هۆنراوە زووتر دەگاتە منداڵ و خێراتر کار لەهۆش و هزری دەکات ،کاریگەرترە، زۆرتریش دەمێنێتەوە.

خشتەی ژمارە (٢)

بەپێی ئەو پێوەرە جیهانییەی کە دانراوە بۆ ناوەڕۆکە ڕەوشتییەکان

پۆلی دووەمی بنەڕەتی (١٤) ناوەڕۆکە

| ژ | ناوەڕۆکی بەهاکان | وڵاتی ئێران | هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ١ | بەخشین | ستارە ل٢٢ | ________ |
| ٢ | بەزەیی | ________ | ________ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣ | وەفا | ــــــــ | ــــــــ |
| ٤ | بەخشندەیی | با پرستوهای شاد ل٩١ | بەرخەکەم ل٦٣ |
| ٥ | سەردانکردن | ــــــــ | ــــــــ |
| ٦ | ئارامگرتن | ــــــــ | ــــــــ |
| ٧ | سەردانی نەخۆش | ــــــــ | ــــــــ |
| ٨ | دڵسۆزی لەکاردا | ــــــــ | ــــــــ |
| ٩ | خۆشویستنی زمان | ــــــــ | ــــــــ |
| ١٠ | لێبوردەیی | ــــــــ | ــــــــ |
| ١١ | خۆشویستنی ئەوانی تر | درخت کاری ل١١٠،من هنرمندم ل٦٨ | مامۆستای دڵسۆز ل٥٥،بۆباوکم ل٧٠ |
| ١٢ | خۆشویستنی زانست | یار مهربان ل٩ | قوتابخانە ل٢٦ |
| ١٣ | یاسا | ــــــــ | دۆستی یاسا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | فێربوون | | ل٣٥ |
| ١٤ | خۆشەویستی نیشتمان | ای خـــانەی مـــا ل٨٥ | کوردستان ل٤٤، ئالآمان ل٤٨ |
| | کۆ | ٥ بەها | ٥ بەها |

لەقۆنـاغی دووەمـدا ژمـارەی بەهاکـان (١٤) لەوانە بەهـۆنراوە تەنیا باس لە (٥) بەهـاکراوە، ئەوانەی تر باس نەکراون ، بەلآم لەوانەیە بەشـێوەی چیـرۆک وگێـڕانەوە، بـاس کـرابن. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو ڕێـژەیە زۆر کەمە چـونکە چەسـپاندنی بەهاکـان لەڕێـی هـۆنراوە بەڕێگەیەکـی ڕاسـتەوخۆ و زینـدوو دادەنرێـت، منـداڵ لەگەڵ جـوڵە وسـەما و چـالاکی هەمەجـۆر هـۆنراوەکە دەڵێـتەوە درک بە بەهـاکە دەکـات و چەنـدجارێک دوبـارەی دەکـاتەوە ،پێویسـتە (دیـاریکردنی پـلەی پێـوانەیی بەهـاو دووبارەکردنەوەی بەهـاکە لە (١٠) جـار کەمتر نەبێت، لەنێوان (١٠-١٥) دابێت) (العبادی١٩٩٦،ص.٢٣)کەواتە دوبارەکردنەوەش ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە لە چەسپاندنی بەهاکاندا، بۆیە دەبێت زۆر دوبـارە بکـرێنەوە ، بێگومـان بـۆ ئەمەش هەر هـۆنراوە لەبـارو گونجـاوە بە بەراورد بە ژانرەکـانی تـری ئەدەب کە منداڵ بێزار نابێت پێی خۆش دەبێت زۆر ترین جار بیلێتەوە.

خشتەی ژمارە (٣)

بەپێـــی ئەو پێـــوەرە جیهـــانییەی کە دانـــراوە بـــۆ نـــاوەڕۆکە ڕەوشتییەکان

قۆناغی سێهەمی بنەڕەتی(١٦) ناوەڕۆکە

| ژ | نـــــاوەڕۆکی بەهاکان | وڵاتی ئێران | هەرێمـــــــــــی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ١ | بوێریی | ________ | ________ |
| ٢ | دڵسۆزیی | نیایش ل١٢٨ | ________ |
| ٣ | سوپاسگوزاریی | ________ | ________ |
| ٤ | دادپەروەریی | ________ | ________ |
| ٥ | چاکەکردن | ________ | ________ |
| ٦ | خاکیبوون | ________ | ________ |
| ٧ | ئامۆژگاریکردن | ________ | مین ل٧٣ |
| ٨ | ئارامگرتن | ________ | ________ |
| ٩ | قوربانیدان | ________ | ________ |
| ١٠ | چاکەکردن | ________ | ________ |
| ١١ | دەستپاکی | ________ | ________ |
| ١٢ | دامەزراویی | ________ | ________ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | بڕوابەخۆبوون | ــــــــــ | ــــــــــ |
| ١٤ | بەخشندەیی | مثـل بـاران ل٥٥ ، پدر بزرگ ل١٩ | ــــــــــ |
| ١٥ | یارمەتیـــــدانی یەکتر | هم بازی ل٣٥ | ژینـــــی لادێ ل ٦١، هەرەوەز ل ٨٠ |
| ١٦ | پیاوەتی | ــــــــــ | ــــــــــ |
| | کۆ | ٣ بەها | ٢ بەها |

لە قۆنـاغی سـێیەمدا ژمـارەی بەهاکـان(١٦) لەوانە بەهـۆنراوە تەنیا باس لە(٣) بەها کراوە ، ئەوانیش بەهـای (سـوپاسگوزاری وبەخشندەیی و یارمەتیدانی یەکتر) لە پرۆگرامی وڵاتی ئێران ،(٢) بەهـاش بەهـای ( ئامۆژگـاریکردن ، یارمەتیـدانی یەکتـر) لە پرۆگرامـــی هەرێمـــی کوردســـتان، ئەمەش زۆر کەمە ڕاســـتە هۆنراوە لەم قۆناغەی خوێندندا هەیە، بەڵام بۆ ئەو بەهـایە نییە کە دەبوایە بۆی دابنرایە ولەو قۆنـاغەدا بخوێنرێت وگرنگی پێ بـدرێت ، واتە بەهاکـان هاوسـەنگ و ڕێکخـراو نـین، کۆمەڵێـک بەهـــای پێویســـت کەلە پۆلێنەجیهـــانییەکەدا دیـــاریکراوە ، لە پرۆگرامەکاندا پەیڕەو نەکراوە.

لەلایەکی ترەوە کە سەرنجی هەندێک لە هۆنراوەکان دەدەین ، دەبینین زیاتر لەبەهایەکی لە خۆگرتوە، ئەمەش بیر و هزری منداڵ ئاڵۆز دەکات (بەپێی ئەو ئاماروليكۆڵينەوانەی کراوە هۆنراوە باشترین ڕێکارە بۆ چەسپاندن و گەشەکردنی بەهاڕەوشتی وپەروەردەییەکان لەلای منداڵ بەهۆی ئەو زمان و مۆسیقاوجوڵەیەی تێیدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەهەڵبژاردنی هۆنراوەکاندا شارەزا ولێزان بین ،لەهۆنراوەیەكدا ئاماژە بەیەک بەها بدرێت و وشەکە چەندجارێک دووبارە ببێتەوە)(پیروز و عبدالهی١٣٩٥،ص.٢١) کەواتە بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت بەباشی وخێرا بەهاکە وەربگرێت دەبێت زۆر دوبارە بکرێتەوە ولەهۆنراوەیەکدا باسی یەک بەهابکرێت ، بەداخەوە ئەمە لە پرۆگرامی خوێندندا ڕەچاو نەکراوە ، بۆ نمونە لە پرۆگرامی قۆناغی دووەمی وڵاتی ئێران هۆنراوەی (من هنرمندم ل٦٨) بەهاکانی(خۆشەویستی کەسانی تر، ڕاستگۆیی،پاکوخاوێنی، خۆشەویستی دایک) باسکردوە ،کەناتوانیت و ئاسان نییە لەیەک کاتدا گرنگی بەو هەموو بەهایە بدرێت، ئەگەر بمانەوێت مافی تەواوی خۆیی بدەینێ و بەهاکە بەباشی لەناویاندا بچەسپێت.

بابەتێکی تر کە بۆتە جێی سەرنجی ئێمە و خاڵی جیاوازی ئەو دوو پرۆگرامە دەردەخات ،دەربارەی بەهای ئایین و باسکردنی هەندێ لە بەها ئایینیەکانە ، لە پرۆگرامی وڵاتی ئێران بە وردی گرنگی پێدراوە، کە ئەمانە دەچنە خانەی بەهای ڕەوشتی یان هەندێکیان بەئاکاری و هەندێکی تریان بە ئاینی ناوی لێ دەنێن، بەشێوەی هۆنراوەش نمونەی بۆ هێناوە لەهەرسێ قۆناغەکەدا ، لەوانە لە قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی(خدای مهرەبان ص٤،شادیم وپاک وخندان ل١١١، پیغمبر ما ل١٠٨.)لەقۆناغی دووەمی بنەڕەتی(ای خانەی ما ٨٥)قۆناغی سێیەمی بنەڕەتی (ایران عزیز ل ٩٤، وطن ل١٠١، نیایش ل١٢٨) ئەم بەهایە یەکێکە لە مەبەست وئامانجە سەرەکییەکانیان کە دەیانەوێت کاری لەسەربکەن ولەناو هزرو کەسێتی منداڵدا بیچەسپێنن،لەبەرانبەردا لەپرۆگرامی هەرێمی کوردستان نە بەڕاستەوخۆ نە ناڕاستەوخۆ باس لەم بەهایە نەکراوە،، ڕاستە هەندێ ڕەوشت وسیفەتی جوان هەیە لەناو ئایینیشدا باسیکراوە وگرنگی پێدراوە ، بەڵام لەپرۆگرامەکەدا لەو ڕێگەیەوە بۆی نەچووە.

لەبەرامبەردا بابەتی بەهای نیشتمانی وخۆشەویستی نیشتمانمان هەیە ، بەپێی پۆلێنە جیهانییەکە بێت دەبێت لە

قۆنـاغی دووەمـی بنەڕەتـی بـاس بکرێـت ،بەڵام لە پرۆگرامـی هەرێمـی کوردسـتان لەهەر سـێ قۆنـاغەکەدا بەهـۆنراوە بـاس لەبەهـای نیشـتمانی و خۆشویسـتنی نیشـتیمان کـراوە قۆنـاغی یەکەم( منداڵی کوردستانین ل١٤٣) قۆناغی دووەم (کوردستان ل٤٠،ئاڵامـــــان ل٤٤) قۆنـــــاغی ســـــێیەم (کوردســـــتان ل٤٢.،نیشتیمانەکەم شیرینەل٩٩)هەروەها لە پرۆگرامی هەرسێ قۆنـــاغەکەی وڵاتـــی ئێـــران خۆشەویســـتی نیشـــتیمان و خۆشویســتنی ئایینیـان تـێکەڵ کـردوە لەهەمـوو قۆناغەکانـدا بەهۆنراوە باسیانکردووە، قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی( آی آیران ل٤٦،جشن بهمن ل٧٣)

**٢-٣ لەڕووی ڕوخسارەوە**

بەراوردکردنـی ئەو دوو پرۆگـرامە لەڕووی ڕوخســارەوە کە چەنـد لایەنێـک دەگـرێتەوە لەوانە: زمـانی هۆنراوەکـان کە پرۆگرامـی وڵاتـی ئێران بە زمـانی فارسـی نوسـراوە، هەرێمـی کوردسـتان بە زمـانی کـوردی ، لە ڕووی کێشـی شـیعرییەوە ، هــۆنراوەی منــداڵان دەبێــت کێشــێکی ســوک و کــورت وخێرابێت(هەتا تەمەنی منداڵەکە کەمتربێت دەبێت زیاتر سود لەکێشــەکورتەکان وەربگرین،کەخێــرا وخۆشـــی وچـــالاکی وجوڵەهێنەرن بۆ منداڵان)(دهریزی:١٣٩٥، ص٤٥) هۆنراوەکانی

هەردوو پڕۆگـرامەکە بەکێشــی بـڕگە نوســراوە، ئەو کێشــەی کورت وسوک وخێرایە . سەبارەت بە سەروا ی هۆنراوەکانیش (سەروا-قافیە- هـاوڕێ وهـاوتەریبی کێشـە،بەتەواوکەری کێش دادەنرێت،ســەروا نیشــانەیە، ئامــاژەیە بـۆ تەواوبـونی بەشـێک ودەســتپێکردنی پەشـێکی تـر، ســەروا گرنگـی و ســودێکی زۆر ورۆڵێکـی  یەکجـار دیـاری هەیە لە هـۆنراوەی منداڵانـدا چـونکە گـوێ وهۆشـی منـداڵان دەجـوڵێنێ لەئـاوازو ڕێکخسـتنی وشـەو دەنگەکــان خۆشــی ولەزەت دەبینێـت) (دهریـزی١٣٩٥،ص.٥٩) جگە لەسەروای کۆتایی  لەهۆنراوەی منداڵاندا دەبێت گرنگی بە ســەروای نــاوەوەی هۆنراوەکــانیش بــدرێت،کە یەکـێکە لەو هۆکــارانەی ئــاوازو مۆســیقا بەهــۆنراوەکە دەبەخشــن،ئەمەش لەڕێـگەی دووبـارەکردنەوەی وشــەکان بێـت ، یـان هــونەری ڕەگەزدۆزی یــان هــاوتەریبی وشــەکان ... هتــد. تــا ڕادەیەک لەهەردوو پڕۆگـــرامەکەدا  گرنگــــی پێـــدراوە ، بەڵام ئەگەر بەراوردیـان بکەیـن لە پڕۆگرامـی وڵاتـی ئێرانـدا زیـاتر گرنگـی پێدراوە ، ئەو هۆنراوانەیـان هەڵبـژاردوە کە سـەروای نـاوەوەی هەیە ، دوبارەبونەوەی زۆری وشەکان کە ئەویش هەر سـەروا دروست دەکات و ریتم ومۆسیقا بەهۆنراوەکە دەدات، بۆ نمونە

له هــۆنراوەی: هۆنراوەیٔ(ســبزو ســبزو ســبز ل١٨ قۆنــاغی یەکەمی

| |
|---|
| سبزو سبزو<br>سبز |

| |
|---|
| ســـنگ وســـنگ وســـنگ<br>کوهسارها |

| |
|---|
| شـــــر وشـــــر وشـــــر<br>ابشارها |

| |
|---|
| صـــاف وصـــاف وصـــاف<br>جویبارها |

لەهۆنراوەیەکی تردا(آی آیران ل٤٧ قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی)

| |
|---|
| زیبا زیبا زیبایی آی<br>آیران |

| |
|---|
| میهن خوبی مایی آی<br>آیران |

| |
|---|
| هم باغ وبستان داری هم دریا |

| |
|---|
| هم کوه وجنگل داری هم<br>صحرا |

ئەمە لەهۆنراوەکانی پرۆگرامی هەرێمی کوردستاندا لەکاتی هەڵبژاردنی هۆنراوەکەدا کەمتر بایەخی پێدراوە ، هەرچەندە لەیەک دوو هۆنراوەدا دەیبینین، لەوانە: (مامۆستای دڵسۆز ل٥١ قۆناغی دووەمی بنەڕەتی)

| |
|---|
| بڵێن مامۆستا بژی بژی،<br>بژی ، هەر بژی |

| |
|---|
| هەر بژی ئەو چرایە وەک دایک<br>و باوک وایە |

بۆهەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکانی ناو هۆنراوەکانی ئەدەبی منـداڵان دەبێـت ڕەچـاوی تەمەن و بیروخەیـاڵ و ئەندێشـەی منداڵ بکرێت،وشـەکان ئاسان وکورت بن بۆ ئەوەی بتوانن بە خێرایـی و ئاسـانی گۆبکرێن،هەرچەنـدە ئەمە ئیشـی نوسـەرە، بەڵام پەروەردەکارانیش لەکاتی هەڵبژاردنـی هۆنراوەکانی نـاو پڕۆگرامەکـان دەبێـت ئەوە بەهەنـد وەربگـرن و پشـت گـوێی نەخەن.

**٢-٤** سود وەرگرتن لەهۆنراوە لەناو پڕۆگرامەکاندا

وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد کە هـۆنراوە باشـترین شـێوازو گونجـاوترین و خێراتـرین ڕێگـایە بـۆ گەیانـدنی زانیـاری و چەسـپاندنی بەهاکـان،ئێمە سـەرژمێرییەکمان کـردوە بـۆ ئەوەی بزانین لە پرۆگرامی هەردوو وڵاتدا تا چەندە گرنگی بەهـۆنراوە دراوە

## خشتەی ژمارە (٤)

ڕێژەی بەکارهێنان وسود وەرگرتن لە هۆنراوە لەناو پڕۆگرامەکاندا

| شوێن | پۆل | کۆی بابەتەکان | پۆل | هۆنراوەکان | پۆل | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وڵاتی ئێران | ١ | ٣٢ | ١ | ٩ | ١ | ٪٢٨ |
| هەرێمی کوردستان | ١ | ٦٨ | ١ | ١٢ | ١ | ٪ ١٧ |
| وڵاتی ئێران | ٢ | ٣٩ | ٢ | ٨ | ٢ | ٪ ٢٠ |
| هەرێمی کوردستان | ٢ | ٢٨ | ٢ | ٩ | ٢ | ٪٣٢ |
| وڵاتی ئێران | ٣ | ٣٦ | ٣ | ٩ | ٣ | ٪٢٥ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەرێمـــی کوردستـــا ن | ٣ | ٢٦ | ٣ | ٧ | ٣ | ٪٢٦ |

ئەگەر سـەرنجی ئەم خشـتەیە بـدەین کە ڕێـژەی بـوونی هۆنراوەکانمـان پیشـان دەدات لە پرۆگرامـی خوێنـدنی وڵاتـی ئێران و هەرێمی کوردستان بەپێی قۆناغەکان، دەبینین ڕێژەی بونی هۆنراوە لەناو پرۆگرامەکاندا زۆر کەم و کزە ، لەهەموو قۆناغەکاندا لەنیوە زۆر کەمترە، واتە نیوەی پرۆگرامەکەشی داگیرنەکردوە، کە ئەمەش دیاردەیەکی دروست نییە وەکو پێشتر باسمان کرد کە هۆنراوە باشترین و ئاسانترین ڕێگایە بـۆ گەیانـدن و چەسـپاندنی بەهـا ڕەوشـتی وپەروەردەییەکان،هۆنراوە باشترین هاوڕێی منداڵە بەهۆی ئەو ریتم و مۆسیقایەی لە خۆی دەگرێت منداڵ دەتوانێت لەکاتی ئەنـدامەکانی جەسـتەی لەجوڵانـدنی دەسـت و سـەر و .... بەکاربهێنێت

ئەگەر بەراوردی ئەو دوو پرۆگـرامەش بکەیـن، ڕێـژەی هۆنراوەکـانی نـاو پرۆگرامەکـانی وڵاتـی ئێـران زۆرتـرە لە هۆنراوەکانی ناو پرۆگرامەکانی هەرێمی کوردستان.

## ئەنجام

١-پرۆگرامەکانی خوێندنی هەردوو وڵات زیاتر گرنگیان بە لایەنی زانستی داوە نەک بە بەها ڕەوشتی و پەروەردەییەکان.

٢-دابەشکردن و باسکردنی بەهاکان تەندروست وتەواونییە،بەپێی پێوەر جیهانییەکە نییە ، هەندێ بەها لەقۆناغێکدا باسکراوە کە دەبوو لە قۆناغێکی تردا باس بکرێت،یان هەندێ بەها لەهەرسێ قۆناغەکە دووبارە کراوە و زیاد لەپێویست گرنگی پێدراوە، لەبەرامبەردا هەندێ بەهای تر هەر باس نەکراوە وپشتگوێ خراوە.

٣-یەکێک لەبەها گرنگەکان کە بەهای ئایینی یە باس نەکراوە، بەتایبەتی لە پرۆگرامی هەرێمی کوردستان فەرامۆش کراوە.

٤)گرنگی زۆر بەهۆنراوە نەدراوە وەکو هۆکارێک ،ڕێگایەک بۆ فێربوون وفێرکردنی قوتابیان ،بەڵام بە بەراوردکردنی هەردوو پرۆگرامەکە، ڕێژەی هۆنراوەکانی ناو پرۆگرامی وڵاتی ئێران زۆرترە وەک لەهەرێمی کوردستان .

٥) هۆنراوەیەک هەڵگری چەند بەهایەکە، بەمانایەکی تر چەند بەهایەک لەیەک هۆنراوەدا هەیە.

## سەرچاوەکان

بەزمانی کوردی :


٢٢. ئامێـــدیان ، آ.(٢٠١٣)**ئینســـایکۆپیدیای کۆمەڵناســـی** .( د .حەسەن). سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٣. بابان،ا.محەمەد، ن.(٢٠١٩) **ڕێنامەی پەروەردە و فێرکردنی سەرەتایی منداڵ**. تاران، چاپخانەی تاران.

٢٤. بەرزنجی، ا.(٢٠١٠) **ئەدەبی منداڵان لە گۆڤاری گەلاوێژدا** .سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢٥. جگەرسۆز، م.(٢٠١٥)**ڕۆڵی خێزان وقوتابخانە لەپەروەردە وفێرکردنی قوتابیدا**.هەولێر.چاپخانەی ڕۆهەڵات.

٢٦. حسـێن، ش.(٢٠١٥)**هەڵســەنگاندنی دروســتەی کۆزانیـاریی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی خوێندنی کوردی وەک نمونە**.گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.ژمارە ٢

٢٧. حەمەدەمـین، ڕ.(٢٠١٦).**ســایکۆلۆژیای منـداڵ لەبـاخچەی منداڵان**.کۆیە.کتێبخانەی سۆفیاز

٢٨. لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ،(٢٠١٤)**خوێندنی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی** .هەرێمی کوردستان

٢٩. لیـــژنەیەک لە وەزارەتـــی پەروەردە ،(٢٠١٤)**خوێنـــدنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی**.هەرێمی کوردستان

٣٠. لیــژنەیەک لە وەزارەتــی پەروەردە ،(٢٠١٤)**خوێنــدنەوەی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی** .هەرێمی کوردستان

٣١. شوانی، ن.(٢٠١٨)**حەزی ئەدەبی لای منداڵان**، گۆڤاری ژیار، ژمارە (٢٧).هەولێر. چاپخانەی ماردین

٣٢. فیونا،ش.ســیمۆن،ب.(٢٠١٨)**پیــادەکردنی هەڵســوکەوتی کــاریگەر لە قۆنــاغی بنەڕەتــی**.(بەرزنجی،حەســەن). سلێمانی.چوارچرا

٣٣. فەرهــادی،ح.(٢٠١٠)**لەبــارەی ئەدەبــی منــداڵانەوە(کۆمەڵە وتــاری یەکەمــین کــۆڕی نێــونەتەوەیی ئەدەبــی کوردی)**.زانستگای سنە.سنە

٣٤. قەرەنـی، ا.(٢٠٠٧). **شـیعری فێرکـردن لەئەدەبی کوردیدا-نیـوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم** .هەولێـر. بڵاوکـراوەی ئاراس

٣٥. محمد، ش. (٢٠١٦). بەها لە کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پــۆلی چــوارەمی بنەڕەتیــدا، توێژینەوەکــانی یەکەمــین کۆنفرانســی پڕۆگرامەکــان هەولێر.هەولێــر. چاپخــانەی وەزارەتی پەروەردە.ل٥٧-٦٢

٣٦. هــــاوس، گ. (٢٠٠٩). **کلیلــــی پەروەردەی منــــداڵان** .(ع.مەجیدی)سلێمانی.دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

بەزمانی عەرەبی

١- بـــــراهيم،ع.(١٩٦٨)**المـــــوجه الفنـــــى لمدرســـــى اللغـــــة العربية**.ط٤.مصر.دار المعارف

٢- الخزرجى،ا.(٢٠١٣)**القيم التربوية المتضمنةفى كتب المطالعة والنصوص للمرحلة المتوسطة** .رسالة ماجستر . جامعة ديالى. كلية التربية الاسلامية .قسم اللغة العربية.

٣- طمـوس،ج.(٢٠٠٢)**تقـويم معلمـى اللـغه العربيـة لكتـاب لغتنـا الجميلـة المقـرر للصـف السـادس فـى فلسـطين**. كليـة التربيـة. الجامعة الاسلامية .غزة

٤- العبادى،م.(١٩٩٦)**القيم النتضـمنة فى كتب القرآة للصـفوف الاربعة الاولى من التعليم الاساسى** ، عمان.كلية التربية.

٥- المعايطة،ع.( ٢٠٠٠) **علم النفس الاجتماعى** .المصر.

**بەزمانی فارسی**

١- دهريزى،م.(١٣٩٥)**ادبيات كودكان و نوجوانان**.چاپ ٢.قو

٢- پيـروز،غ.و عبـدالهى،م.(١٣٩٥هە).**بررسـى هـوش اجتمـاعى ومؤلفەهــاى آن در محتــواى كتابهــاى فارســى دورەى ابتـدايى**،مجلە علمـى پژوهشـى مطالعـات ادبيـات كـودك دانشگاە شيراز.سال هفتم،شمارەى اول .بەهاروتابستان .

**٣-** وزارت آموزش وپرورش سازمان پژوهش وبرنامه ریزی آموزشی.(١٣٩٦)**فارسی اول دبستان-١.** چ.هفتم.تهران.افست

**٤-** وزارت آموزش وپرورش سازمان پژوهش وبرنامه ریزی آموزشـــــــی.(١٣٩٦)**فارســــــی دوم دبســــــتان-٥.** چ.ششم.تهران.افست

**٥-** وزارت آموزش وپرورش سازمان پژوهش وبرنامه ریزی آموزشـــــی.(١٣٩٦)**فارســــــی ســــــوم دبســــــتان-٩.** چ.پنجم.تهران.افست

# توێژینەوەی سێیەم

## ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لەپڕۆسەی فێربووندا

تێبینـــی: لە کۆنفرانســـی زانســـتی (پەروەردە بەردی بنـــاغەی پێشـــکەوتنە) کۆنفرانســـی هاوبەشـــی زانکـــۆی کـــۆیە و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کۆیە لە ڕێکەوتی ١٩-١٢-٢٠١٩ لە زانکۆی کۆیە پبشکەشکراوە.

## پوختەی لێکۆڵینەوە

لەگەڵ بەرەوپـێش چـوونی ڕۆژگـارو شارسـتانییەت شـێواز و هۆکاری نویێ و سەردەمیانە بۆ ئاسانکردنی وەرگرتنی زانیاری و باشـــتر بەڕێـــوەبردنی پرۆســـەی پەروەردە و فێرکـــردن پەیدابووە،هاتنە ناوەوەی شـەپۆلی تەکنەلۆژیای نـوێی فێرکردن بـــۆ نـــاو خوێنـــدنگەکان ڕاســـتییەکە نـــاتوانین چـــاوی لـــێ دابخەین،لەگەڵ ئەوەشدا وەرگرتن و جێبەجێکردنیشی کارێکی سادە و سـانا نییە،ڕازی بوون بەو گۆڕانکارییە و ڕەخساندنی کەش وهەوایەکی لەبار تا پڕۆسەکە سەرکەوتوو بێت پێویستی بەزەمینە سازییەکی باش و لەبار دەبێت ئەمەش بەهەماهەنگی نێوان هەموو سێکتەرەکانی ناو پەروەردە و فێرکردن دێتەدی ،ئێمەش لەو ڕوانگەیەوە کەخەمی سەرەکیمان پەروەردەکردن و فێربـــــوونی نەوەکانمـــــانە بەشـــــێوازێکی هـــــاوچەرخی ســـەردەمیانەی ســـەرکەوتوو، ڕۆڵ وگرنگـــی تەکنۆلۆژیـــا لەم پڕۆســـــەیەدا دەربخەیـــــن ،ئەم ناونیشـــــانەمان هەڵبـــــژارد ،لێکۆڵینەوەکە لەدوو بەش پێکدێت ؛ لەبەشـی یەکەمدا بەچەند تەوەرێک بابەتەکانی تەکنەلۆژیا بەگشـتی ، دواتر مەبەست لە تەکنەلۆژیـای پەروەردە وتەکنەلۆژیـای فێرکـردن چیـیەو لە چ ڕوویەکەوە جیاوازن، ڕۆڵ وگرنگی لەبەرەوپێشبردنی پڕۆسەی

فێربووندا، ڕەگەزەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردن ڕوون دەکەینەوە ،لەبەشـــی دووەمـــدا دەربـــارەی ڕۆڵـــی دەســـتەی کـــارگێڕی خوێنـدنگەکان و دواتـر ڕۆڵـی ڕاسـتەوخۆی مامۆسـتایان لەم پرۆســـــەیەدا قســـــەدەکەین ،لەگەڵ ئامـــادەکردنی فـــۆرمێکی هەڵســـەنگاندن و ڕاپرســـی کەلەلایەن پەروەردەکـــارانەوە پـــڕ دەکـــرێتەوە تـــا ئاســـت و پـــلەو ڕێـــژەی ئەو کاریگەرییەمـــان بەپراکتیکـــــی و ڕاســـــتەوخۆ لەبەردەســـــتدا بێت،ڕێبـــازی لێکۆڵینەوەکەمـان وەسـفی شـیکاری ئامارییە،لەکۆتاییدا بەچەنـد خاڵێـک ئەنجـامی لێکـۆڵینەوەکە دەستنیشـان دەکەیـن،لەگەڵ پوختەی لێکۆڵینەوەکەبەزمانی عەرەبی.

وشەکلیلییەکان: تەکنەلۆژیا، مامۆستایان، دەستەی کارگێڕی، تەکنەلۆژیای فێرکردن،سەرپەرشتیاران

بەشـی یەکەم/ ڕۆڵـی تەکنەلۆژیـا لە پرۆسـەی فێرکردندا

ئەمـــڕۆ لەســـایەی ئەو جیهـــانگیرییەی کەســـەرجەم دنیـــای مرۆڤـایەتی گرتـۆتەوە ، شارسـتانییەت پێـی نـاوەتە قۆنـاغێکی گـرنگەوە، جیهـان بەخێرایی گەشـەی دەکات، بەڕادەیەک ئەوەی ئەمرۆ وەکو نوێ و مۆدێرن تەماشای دەکرێت ، سبەینێ وەکو کلاسـیک لێـی دەڕوانرێـت، بـۆیە دەبێـت هەوڵبـدەین ئەگەرچـی لەوانەیە نەتوانین پێ بەپێ ئەوان بڕۆین بەڵام هیچ نەبێت زۆر

دوانەکەویـن، ئەوەی ئـێمە لێـرەدا مەبەسـتمانە تەکنەلۆژیـا وبەکارهێنانیەتی لە پرۆسەی فێرکردندا.

**چەمک وپێناسەی تەکنەلۆژیا :**

چەمکی تەکنەلۆژیا یەکێکە لەو چەمکانەی قسەوباسـی زۆر و ڕای جیـاوازی لەسـەرە ئەمەش بەهـۆی جیـاوازی پسـپۆڕی نوسـەرو لێکۆڵەرەوەکـان لەلایەک وگەشـەکردن و بەرەوپێشچونی خودی تەکنەلۆژیا لەلایەکی ترەوە،بەڵام هەموو کـۆکن لەسـەر ئەوەی جەوهەرونـاوەڕۆکی تەکنەلۆژیـا زۆر کـۆنە،یەکێکە لەداهێنـراوە دێرینەکـانی مرۆڤـایەتی،هۆیەکە لەهۆیەکانی ئاسانکاری ژیانی مرۆڤ لەقۆناغە سەرەتاییەکانیدا، دواتر زیاتر یارمەتیدا و پێویستییە سادەکانی بۆ جێبەجێکرد، ئنجا بەکارهێنـانی زیـادیکرد و گەشـەیکرد بەجۆرێک گرنـگ و پێویست بوو لەژیانی تاک و کۆمەڵدا، تا ئەو ڕادەیەی هەندێ لە ڕۆشـنبیران وبیرمەنـدان پێیـان وایە هەر گۆڕانکـارییەک لەنـاو کۆمەڵگای هاوچەرخدا ڕوودەدات هۆکـارەکەی دەگەڕێتەوە بـۆ تەکنەلۆژیا.

ئەمە لەڕووی نـاوەڕۆکەوەبوو ، بەڵام لەڕووی دەسـتەواژە و زاراوەوە بـۆ یەکەمجـار زاراوەی( Technologie)لە ئەڵمانیـا ولەساڵی (١٧٧٠)دا بوو، وشەیەکی لێکدراو لەدووبەش پێکدێت:

( Techno) بەمانای (هونەر یان ئیشی دەستی) (Logie) بەمانای (زانست یان بیردۆز) دێت ، واتە (زانستی بەرهەمهێنانی زانین لەهونەرەپیشەسازییەکاندا یان لە زانستی پراکتیکیدا)(دلیو:٢٠١٠ص٣٠) ئەمەش هۆکارە بۆ گۆڕین و بەرەوپێشچونی گەشەئابوری و زانستی و کۆمەڵایەتییەکان، هەندێ دەڵێن : (تەکنەلۆژیا پێش ئەوەی بڕیارێک یان فتوایەکی ئامادەکراوبێت ،بیرۆکە و ئەدا وچارەسەرە بۆ کێشەکان)(الفرا:١٩٩٩،ص٨٥) کەواتە تەکنەلۆژیا(تەنیا زانست یان پراکتیزەکردنی زانست یان تەنیا ئامێرێک نییە، بەڵکو زۆر لەوە قوڵترو گشتگیرترە، تەکنەلۆژیا چالاکیەکی مرۆییە هەردوو لایەنی زانستی و پراکتیکی دەگرێتەوە)(ابراهیم: ٢٠٠٦،ص١٢٤) لێرەوە دەتوانین بڵێین : تەکنەلۆژیا هەوڵ وکۆششی مرۆڤە ، وە ڕێگایەکە بۆ بیرکردنەوە لە بەکارهێنانی زانیاری و کارامەیی و لێهاتووی و شارەزایی وپێکهاتە مرۆیی و نامرۆییەکان کە لەبوارێکدا ڕێگەپێدراوە و دەتوانیت جێبەجێی بکەیت لەڕێگەی هۆیەکانی تەکنەلۆژیاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەوگرفتەکانی مرۆڤ و تێرکردنی پێداویستیەکانی و زیادکردنی تواناکانی، بەکورتی تەکنەلۆژیا : پێشکەوتن و گۆڕانکاری و ئاسانکارییە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ

خۆشـگوزەرانی مـرۆڤ. هەنـدێ وا تێـدەگەن تەکنەلۆژیـا تەنیـا بەکارهێنــانی کۆمپیــوتەر و داتاشــۆیە ، بەڵام لەڕاســتیدا ئەم بۆچـــوونە چوارچێـــوەی تەکنەلۆژیـــا ســـنوردار و تەســـک وکەمدەکاتەوە، کۆمپیوتەر یەکێکە لەبەرهەم و دەرئەنجامەکانی تەکنەلۆژیـا، بەڵام تەکنەلۆژیـا خـۆی فراوانتـر وگشـتگیر تـرە ، تەکنەلۆژیـا شـێوازی جیـاوازی بیرکـردنەوەیە ، چارەســەری کێشەوپرسیارەکانە، شێوازی بیرکردنەوەیە کە تاک پێی دەگات بـۆ چارەســەری کێشــەو پرســیارەکان ، کەواتە هۆکـارە نەک ئەنجام ،هەڵبژاردنی بەکارهێنانی باش وگونجاو ونمونەیی زانین و زانیاری و جێبەجێکردنی بۆ خزمەت وخۆشگوزەرانی مرۆڤ.

**تەکنەلۆژیای پەروەردە :**

ئەم زاراوەیە لە ئەنجامی شۆڕشـی زانسـتی وتەکنەلـۆژییەوە کە لەســاڵی ١٩٢٠ دەســتی پێکــرد ســەریهەڵدا، کاتێـک زانــا(فین) (Finn)ئەم نـــــاوەی لێنــــا مەبەســــــت لەم زاراوەیەش : (نەخشەکێشانێکی تەواوە بۆ پرۆسەی فێرکردن ،ئامـادەکردن و گەشـــەپێدان و جێبەجێکـــردن وهەڵســـەنگاندنی لەهەمـــوو ڕوویەکــیەوە، ولەڕێــی هــۆیەتەکنیکییە هەمەجۆرەکــان ،لەگەڵ ڕەگەزەمرۆییەکـان یەکـدەگرن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجەکـانی فێرکردن.)(محمد:٢٠٠٣،ص١٣)، (بـراون) پێـی وایە (تەکنەلۆژیـای

پەروەردە ڕیگـــایەکی ڕێکخـــراوە بـــۆ نەخشەکێشـــانی تەواوی پرۆســــــەکە وجێبەجێکـــــردن و هەڵســـــەنگاندنی بەپێـــــی ئامانجەتـایبەتییە دیاریکراوەکـان وپشـت بەئەنجـامی لێکـۆڵینەوە تایبەتییەکـــانی فێرکـــردن و پەیوەنـــدی دەبەســـتێت،هەندێ لەسـەرچاوە مرۆیـی و نامرۆییەکـان بەکاردەهێنێت بەئامـانجی گەیشـــتن بە فێربـــونێکی کـــارا.)(نمر:٢٠٠٩:ص٢٥) کـــۆمەڵەی پەیوەنـــدییەکانی ئەمەریکـــا بەمجـــۆرە پێناســـەی دەکەن ؛(پرۆســـەیەکی تێکچـڕژاو و بەناویەکـدا چـووە ،تـاک وکەس وشـێوازو بیرۆکەو ئامێر و ڕیکارە پێویستەکان دەگرێتەوە،بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەموو لایەنەکانی فێرکردنی مرۆیی دەگرێتەوە،جیبەجێکـــــردن و هەڵســـــەنگاندنی ئەنجامەکـــــان وبەڕێـــوەبردنی ئەو پرۆســـەیەی کەپەیوەنـــدی پێـــوەهەیە.) (الفـــرا:١٩٩٩،ص١٢٥) کەواتە دەتـــوانین بڵێـــین: تەکنەلۆژیـــای پەروەردە کـار لەسـەر مرۆڤەکـان دەکـات ، لەسـەر بنیاتنـانی کەســـێتیەکی هاوســـەنگ لەڕووی جەســـتەیی و دەرونـــی و ژیرییەوە پاشـان زیاکردنی بـابەتی نوێ و هـاوچەرخە بۆ نـاو پرۆگـرام ویاسـای فێرکـردن و دورخسـتنەوە ولابردنـی ئەو بابەتانەی کە سـواون و گرنگی ئەوتۆیـان نەماوەو لەپەراوێزدا وپێویسـت ناکـات باسـبکرێن، خـاڵی هـاوبەش لەم نوێخـوازی

وتــازەگەرییەدا بەکارهێنــان وکــاراکردنی تەکنەلۆژیــایە وەکــو پێکهاتەیەکی سەرەکی بۆ پرۆسەی تازەکردنەوە، جا نوێخوازی و تــازەکردنەوەکە لەوانەیە گشــتی وبەرفـراوان بێـت لەوانەشــە بەشێک بگرێتەوە وبەڵام گۆڕانکارییەکی بنجی دروست بکات.

**تەکنەلۆژیای فێرکردن:**

هەرچەندە تەکنەلۆژیای نویَ زۆر گرنگە و زۆربەی بوارەکانی ژیانی ڕۆژانەمانی گرتۆتەوە لە ڕاگەیاندنەوە بیگریت تا ژینگەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر، بەڵام بەداخەوە لە ناوەندەکانی خوێندنی ئێمەدا کەمتر بڵاوە وئەو گرنگییەی پیَ نادرێت، وەکو ئەوە وایە هەر لەشوێنی خۆماندا هەروەڵە بکەین ، لێکــۆڵەرەوان جەخــت لەســەر ئەوە دەکەنەوە کە چەمکــی تەکنەلۆژیــای فێرکــردن زۆر دێـرین و مێـژووییە کە مـرۆڤ لەقۆنــاغە ســەرەتاییەکانی ژیانیــدا تەکنیکــی تــایبەت بەخــۆی هەبــووە هەر بــۆیە (هــوکرج) دەڵێــت: ڕەگــی بیردۆزەکــانی تەکنەلۆژیـای فێرکـردن لە بنەماکـانی فێربـوونی کـۆن و نوێـوە وەرگرتوە،ســودی لە (ثورنــدایک) وەرگرتــوە کەبــانگەوازی گەشــەپێدانی فێرکردنــی دەدا،هەروەهــا لە(سـکنر)ەوە کەبـاس لە فێرکردنــی بەرنــامە بــۆدانراو دەکــات. (الحيلــة:١٩٩٨،ص١٠) تەکنەلۆژیــــای فێرکــــردن، کە بە تەکنــــیکە فێرکارییەکــــانیش

ناودەبریێـــت، بەشــــێکە لە تەکنــــیکە پەروەردەییەکــــان، لەگەڵ بەرەوپێشچونی ڕۆژگاردا زاراوەکەش گۆڕانی بەسەردا هـاتووە وبەرەوپێشــچووە ، ســەرەتا جـوڵەی فێرکردنــی بینـراو ، انجـا جـــوڵەی فێرکردنـــی بیســـتراو وبینـــراو، دواتـــر چەمکـــی پەیوەنـدیکردن و ڕێکخسـتن و ڕیزبەنـدی وکـاریگەری زانسـتە ســـلوکییەکان تـــا گەیشـــتوە بەم چەمـــکەی ئێســـتا (ســـیلز، ریتشـا:١٩٩٨،ص٤٨) پرۆسـەیەکی تەواوکـاری لێکـدراوە، کەس وشـــێوازو بیـــرۆکە و ئەو ئـــامێرانە دەگـــرێتەوە کە بـــۆ شـــیکردنەوەی کێشـــەکان ڕەچاویـــان دەکەن و هەڵهێنجـــانی ڕێگەچـارەی گونجـاو بۆیـان و جێبەجێکـردن وهەڵسـەنگاندن وبەڕێوەبردنیـــان لەبارودۆخێکـــدا کە خوێنـــدن مەبەســـت و ئامانجیـــان بێـــت(الحیله: ١٩٩٨،ص٦) یـــان (ئەو زانســـتەییە کە هەوڵـدەدات بـۆ گرێـدان وپـێکەوە بەسـتنی بـابەتە فێرکـاری و ئامێرەکـان و پێشکەشـکردنی بەئامـانجی وتـنەوەی وانەیەکـی کـاریگەر و ســەرکەوتوو.(زاهر،بهبانی:١٩٩٩،ص٢) ڕێکخـراوی پەیوەنـــدی پەروەردەیـــی وتەکنەلـــۆژی لەســـاڵی ١٩٧٧ دا پێناسەیەکی تریان بۆ کرد و لەگەڵ تەکنەلۆژیای پەروەردەیی یەکیان خستن ،بە( پرۆسەیەکی ئاڵۆزو تێکچرژوا و بەناویەکدا چوودا وەسفیان کرد، کەس وبیرۆکە و ڕووداو و ڕێکخستن و

ڕێوشـــوێنەکان لەخــۆ دەگرێـــت،لە پێنـــاوی شـــیکردنەوە ولێکدانەوەی ئەو کێشـانەی کەپەیوەنـدی بەهەمـوو لایەنەکـانی فێربــوونی مــرۆڤەوە هەیە.( فریــق عمــل جمعیــة:١٩٨٥،ص٣)
پێناسـەیەکی سـادەو ڕوونـی تەکنەلۆژیـای فێرکـردن، مەبەسـت لەو هۆکـارو ئـامێرە هـاوچەرخ و سـەردەمیانەیە کە مامۆسـتا لەکـاتی وتـنەوەی وانەیەکـدا بەشـێوەیەکی گونجـاو وکـاریگەر بەکاریان دەهێنێت، تا بتوانێت ئامانجە فێرکارییەکەی بگەیەنێت،
جیـــاوزی نێـــوان تەکنەلۆژیـــای پەروەردە و تەکنەلۆژیـــای فێرکردن:
تەکنەلۆژیای فێرکـردن کۆمەڵێک لقە لە تەکنەلۆژیای پەروەردە ،کەواتە ئەوەی دەومیـان فراوانتروگشـتگیرترە ،چـونکە هەمـوو ئەو تەکنەلۆژیایانەی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە جا فێرکاری یان ڕۆشـنبیری یـان کـات بەسـەربردن بێـت... وەکـو بەکارهێنـانی کۆمپیوتەر لە کۆمپانیاو کارگەکاندا،بەڵام تەکنەلۆژیای فێرکـردن لەبـواری فێربـوون و فێرکردنـدا ئەمـانە بەشـێوەیەکی مەنهەجـی جێبەجێـــــدەکات، وەکـــــو بەکارهێنـــــانی کۆمپیـــــوتەر لە فێربووندا.(عبـدالرحیم:١٩٩٣،ص٣١)،هەنـدێک دەڵـێن جیـاوازی نێوانیـــان هێنـــدەی جیـــاوازی نێـــوان وشـــەکانی (پەروەردە) و(فێرکردن)ە ، یەکەمیان واتە بنیاتنانی کەسێتییەکی هاوسـەنگی

مـرۆڤ لەڕووی جەسـتەیی و دەرونـی و عەقڵـێ وژیـرییەوە، بەڵام دوەمیـان زیـاتر تەنیـا جەخـت لەلایەنـی زانـین وعەقڵـی دەکاتەوە، تەکنەلۆژیای پەروەردە دەیەوێت گەشە بە تـاک بـدات بەسـود وەرگـرتن لە توانـا تەکنەلۆژییەکـان،(سیلز،ریتشـا:١٩٩٨،ص٤١) تەکنەلۆژیـای فێرکـردن تەنیـا هۆیەکـانی فێرکـردن نـاگرێتەوە کەئەوە تەنیـا بەشـێکی بچـوکە لەئەو، بەڵام لەتەکنەلۆژیـای پەروەردە کەمتـر گشـتییە وبچـوکترە کۆمەڵێـک پڕۆسـەیە کەتەکنەلۆژیـا دەمەزرێنێت (تەوزیفـی دەکات)لەپێنـاوی خزمەتکـردن بە کـاری فێرکـاری، ئەگەر تەکنەلۆژیـای پەروەردە مەبەسـتی دروسـتکردنی کەسـێکی(تاکێکی) چـاوکراوەی کـاریگەری بەتوانابێـت لە کۆمەڵگـادا ئەوا تەکنەلۆژیـای فێرکـردن ئەرکـی چـاککردن و گەشـەپێدانی پڕۆسـەی فێربـوون وفێرکردنـی ئەو کەسـە(تاکە)لە ئەسـتۆ دەگرێـت کە لەدامەزراوە فێرکارییەجۆراوجۆرەکاندا وەری دەگرێت.

**ڕۆڵ وگرنگی تەکنەلۆژیا لە پڕۆسەی فێرکردندا:**

هەندێک پێی وایە گرنگی تەکنەلۆژیای فێرکردن تەنیا پەیوەستە بەگرنگـی هۆیەکـانی فێرکـردنەوە،بەڵام ئەم دوانە جیاوازییـان هەیە، هۆیەکـــانی فێرکـــردن بەشـــێکن لە تەکنەلۆژیـــای فێرکردن،هەروەهـا گرنگـی تەکنەلۆژیـای فێرکـردن زۆر فـراوان وقوڵترە لەگرنگی هۆیەکانی فێرکردن. دامەزراوە فێرکارییەکان دەیانەوێـت زۆرتـرین فێرخـواز فێـربکەن بە کەمتـرین تێچـوو ، کەمتــرین کــات ،کەمتــرین کۆشــش. بـۆیە پەنــای بــرد بــۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکردن لەچارەسەری ئەو کێشـانەی کە لەپڕۆســـەی فێرکردنـــدا ڕوودەدەن.(الشرعة،الشـــديفات، ارشيد:٢٠١٠،ص١٣) بەهاتنەناوەوەی تەکنەلۆژیای فێرکـردن بـۆ نـاو پڕۆسـەی فێرکـردن ڕێگـای نـوێی وانەوتـنەوە و شـێوازی جۆراوجـۆری دروسـتکرد ، کـاریکرد بـۆ چارەسـەری زۆربەی کێشـــەپەروەردەییەکان ،فێرخـــوازی بە زانیـــاری وکـــارامەیی پێویست پڕچەک کرد و کاریکرد بۆ گەشـەپێدانی بیـرو فـراوان کردنـــی بۆچونەکانیـــان و کـــاراکردنی ڕۆڵـــی فێرخـــواز و ئامـــادەکردنی ســـەرچاوەی جۆراوجـــۆر کە لەگەڵ توانـــا و ئـــــــــــارەزووی فێربـــــــــــوونی فێرخـــــــــــوازدا بگونجێت.(کرار:٢٠٠٦،ص٣٥)بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکردن

دەتوانێت ژینگەیەکی لەبار بۆ بیرکردنەوە و بیرۆکەکانی فێرخواز بڕەخسێنێت،تا ئەو ڕادەیەی شتی نویێ وتازە بەرهەم بهێنێت کە لە پڕۆگرامی خوێندنیشدا بونی نییە، لێرەوە ڕۆڵی خوێندکار دەگۆڕێت، چونکە لەجیاتی ئەوەی ببێتە وەرگری زانیاییەکان، خودی خۆی دەبێتە لێکۆڵەر.(صالح:٢٠١٠،ص٣٢).

**(سلامة) بەچەند خاڵێک باس لەگرنگی تەکنەلۆژیای فێرکردن دەکات، لەوانە:**

*وروژاندن و زەقکردنەوەی ئارەزووەکانی فێرخواز و تێرکردنی پێداویستییەکانی بۆ خوێندن وبنیاتنانی بۆچوونە نوێیەکانیان .

*فێرخواز سەنتەرە ، کارایە لەبەشداریکردندا،ئەمانە وای لێدەکات باشتر ئامادەبێت بۆ فێربوون.

*هەموو هەستەکانی فێرخواز بەشداردەبێت لەپڕۆسەی فێرکردندا ئەمەش وای لێدەکات بەشێوەیەکی قوڵتر وپتەوتر لەبابەتەکان بگات.

*ڕووبەڕووبونەوەی جیاوازی تاکێتی لەنێوان فێرخوازاندا، کەئەمەش بەرەو چاکسازی لە سلوکیاندا دەچێت.

*ڕێکخستن و بەردەوامی ئەوبیرۆکانەی کە فێرخواز دروستی دەکات.

* چارەسەرکردنی لاوازی فێرخواز چونکە شێوازورێگەی هەمەجۆر هەیە،ڕێخۆشکردن بۆ خوێندن بەشێوازی ئەلکترۆنی.
* ئەوەی دەیخوێنێت و فێری دەبێت، بەکردارەکی لەژیانی ڕۆژانەیدا جێبەجێی دەکات، کەواتە تەنیا بەدەستهێنانی زانیاری نییە، بەڵکو پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنیەتی بەکرداری .
*یارمەتی ماامۆستا دەدات کە زانیاری نوێ وزیاتر دەربارەی پڕۆگرام وبابەتەکانی ناو پڕۆگرامەکە بەدەست بهێنێت ، تەنها پەیوەست نەبێت بەوەی لەچوارچێوەی کتێبەکەدا هەیە ، خۆی بەشوێن زانیاری وبابەتی تردا بگەڕێت.
*بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان مامۆستاوفێرخواز و ڕەخساندنی کەش و هەوا وژئنگەیەکی لەبار بۆ پڕۆسەی فێرکردن.
*یارمەتی ئەو فێرخوازانە دەدات کەکێشەیان هەیە لە بینین یان بیستن یان هەر گرفتێکی تری جەستەیی کە لەڕێی ئەو ئامێرانەی بە دەست لێدان کاردەکەن یان ئەوانەی بۆ نابینایان دروستکراوە بەشێوازی دەنگی کاردەکات وچەندین جۆر ئامێری تر.(سلامة:٢٠٠٧.ص٥١)

**ڕەگەزەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردن:**

یەکێک لە پسپۆڕەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن ئەویش (تشارلز هوبان)ە ، باس لە ڕەگەزەکانی تەکنەلۆژیای فێرکردن دەکات و بەمجۆرە شیدەکاتەوە( تەکنەلۆژیای فێرکردن بریتییە لە ڕێکخستنێکی تەواو ودروست کە ئەم ڕەگەزانە لەخۆ دەگرێت : مرۆڤ ، ئامێرەکان، ڕاوبۆچون وبیرۆکە، شێوازی کارکردن ،بەڕێوەبردن. کە هەمویان لەیەک چوارجێوەدا کاردەکەن.(عمار؛٢٠٠٢،ص١٩٧-١٩٨).

١-مرۆڤ: ڕەگەزی سەرەکی وگرنگە لە پرۆسەی فێرکاریدا، بەبێ ئەو ناتوانرێت پرۆسەی فێرکردن ڕووبدات،چونکە ئەو مامۆستایە ، فێرخوازە ، لێکۆڵەرە، مرۆڤ ئامانج و مەبەستی دامەزراوە پەروەردەییەکانە کە هەوڵی بۆ دەدات و دەیانەوێت پلان و مەبەستەکانیان بۆ گەشەپێدانیان جێبەجێ بکەن، تا لەگەڵ بەرەوپێشچونەکانی دنیا بڕۆن و دوانەکەون.

٢- ئامێرەکان: لەخاسیەتەکانی ئەم سەردەمەی تێدا دەژین ،بڵاوبوونەوەی ئامێرە بەشێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بەجۆرێک هەموو ئیش وکاروبارەکانی ژیانمانی گرتۆتەوە، لەماڵ ،لە قوتابخانە، لەشوێنی کارکردن ،لەسەرشەقام .... کە زۆر شت بۆ مرۆڤ دەگێڕێتەوە لە کەمکردنەوەی کات وپارە و

کۆشـــش ومانـــدون بـــوون ، وەک ئامێرەکـــانی : ئۆتۆمۆبیـــل، کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، تەلەفون .....هتد.

**٣-** ڕاوبۆچون و بیرۆکە: دەبێت ڕاوبۆچون و بیرۆکە هەبێت تـا ئـــامێرەکە ئەو ئامـــانج و مەبەســـتەی هەیەتـــی بیگەیەنێـــت ، ویـــارمەتی بـــدات لە بڵاوبـــونەوەی زانیارییەکـــان و بەدەســـت هێنانی ئەو هیوا وئاواتەی مرۆڤ دەیەوێت پێی بگات.

٤-شـــێوازی کارکردن(ســـتراتیژییەت): شـــێوازەکانی کـــارکردن هەمەجـــۆر و زۆرن ، بـــۆیە ئەو شـــێوازە جۆربەجـــۆرانەی کە مـــرۆڤ بەکاردەهێنێـــت پێویســـتی بە گـــۆڕان و چـــاککردن و تازەکردنەوە و پەرەپێدان هەیە،بۆ ئەوەی گونجـاو و هاوسـەنگ بێـــت لەگەڵ ئەو ئامـــانجەی دەیەوێـــت پێـــی بگـــات، جـــا ئەم بژارکـــــردن وپیـــــاداچوونەوە و گەشـــــەپێدانە بەردەوامە لە شێوازەکاندا، گرنگترین سیفەت وخاسیەتی تەکنەلۆژیایە.

٥-بەڕێـوەبردن: بەڕێـوەبردن زۆر پێویسـت و گـرنگە لەم یاسـا وپەیـڕەوەدا، کە ددەبێت زۆر دوربێت لە بەڕێوەبردنە تقلیـدییە کلاسیکییە باوەکان(فرمان دان وداخوازیکردن ) چونکە ڕۆڵێکـی دیـاری هەیە لەلێکـۆڵینەوەی هەمـوو ئەو هۆکـارانەی دەچـنە ئەو چواچێوەیەوە، لە داهێنـانی شـێوازو یاسـای نـوێ کە چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئیش وکارەکـان دیـاری دەکەن وڕێکخسـتنیان بەو

جۆرەی کە گونجاو لەبارە بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەکی دروست بـــۆ بەدەســـتهێنانی ئەو ئامـــانج و مەبەســـتی دەیانەوێـــت ومەبەستیانە.

کەواتە دەبێـت ئەم ڕەگەزانە بـاش لەگەڵ یەکـدا تـێکەڵ بـن و یەکتری تەواو بکەن تـا هیوا و ئەو ئامانجەی مەبەستیانە پێی بـگەن بـۆ بەدەسـتهێنانی تەکنەلۆژیـای فێرکـردن کە ئەویـش خێرایی لە کارکردن وجێبەجێکردنی بەئاسانی و بەوردی .

فێرکـردن لەم سـەردەمەدا سـەردەمی تەکنەلۆژیـای زانیـاری و پەیوەنـدییەکان ،سـەردەمی ئـابوری جیهـانی ، کـاڵایەکی زۆر زیندوو و گرنگە و سەرەتایەکە بۆ سەرکەوتن و توانا وهێزێکە بۆ گۆڕانکاری ، بۆیە دەبێت ئێمە ئەمڕۆ بەشـێوازێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ فێرکردندا بکەین جیاواز لەوەی پێشوو،یەکێک لە باسـە گرنگەکـانی ئەم سـەردەمەش کە مـانەوە وسـەرکەوتن و توانـای نەتەوەو میللەتەکان دیاری دەکات فێرکـردنە، مـانەوەی نەتەوەکـان پەیوەسـتە بەڕادەی توانـای بـۆ فێرکـردن ، داهێنـانی نوێ وتەکنەلۆژیای نوێ.

بەشی دووەم/ ڕۆڵی پەروەردەکاران لەپڕۆسـەی تەکنەلۆژیـای فێرکردندا

ڕۆڵی سەرپەرشتیاران لە پڕۆسەی تەکنەلۆژیای فێرکردندا :

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی پێگەیەکی ناوەندی بەهێزی هەیە لە یاسای پەروەردە وبەڕێوەبردنی ، یەکێکە لەپەیوەندییە یان ناوەنـــدگیرە (وســـیط)گرنگەکان کە دەتوانێـــت هاوکـــارییەکی چـالاکی پرۆســەی پەروەردەو فێرکـردن بێـت،لەڕێی چـۆنیەتی بەڕێوەبردن و ڕێکخسـتنی چالاکییەکانی لەگەڵ مامۆسـتایاندا و هەنـــــدێجاریش لەگەڵ مامۆســـــتا و فێرخوازانیشـــــدا،ڕۆڵی سەرپەرشـتیاری پەروەردەیـی لە پرۆسـەی فێرکردنـدا لەڕێـی کـاراکردن و چـۆنیەتی ڕۆڵ بینـین و ئەداکردنـی مامۆسـتاوە دەردەکەوێت (مساعد:٢٠٠٠،ص١٠٧)، پێش هەموو شتێک دەبێت سەرپەرشــتیار خــۆی بــڕوای تەواوی بە تەکنەلۆژیـای نـوێی فێرکردن هەبێت ، خۆی شارەزایەکی باشی لەوبوارەدە هەبێت و لەژیانی ڕۆژانەو کارگێڕی و پەروەردەیی خۆیدا پیادەی بکات ،لەپەروەردەی کۆنـدا سەرپەرشـتیار وەکـو چـاودێر و ڕەقیبێـک بەسەر کارەکانی مامۆسـتاوە سـەیر دەکرا، کەسـێکی ڕەخنەگر بەمانا نەرێنییەکەی ،مامۆستاش هەمیشە سڵی لێدەکردەوە ،ئەو سـات وکـاتەی سـەردانی دەکـرد بـۆ نـاو پـۆل پێـی وابـوو لەتاقیکردنەوەدایە و دەیەوێت گرانترین پرسـیاری ئاڕاسـتەبکات تـا لەوە پرۆســەیەدا سـەرکەوتوونەبێت ،ئەمە لەوانەیە بەشـێک لەڕاسـتی تێدابووبێت ، بەڵام تەکنەلۆژیـای نـوێ هەوڵیداوە ئەم

